http://www.sulcci.com

# بازرگانیو پیشەسازی

رۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 10 2022-1-7


کۆکردنەوەی داهاتی تابلۆی بازرگانیو خۆڵو خاشاک نیگەرانی دروستکردووە « 5

نرخی قوماش بەڕێژەی لە٣٠٪ گران دەبێت « 6

پارکی ئازادی، پارکە بێنازەکەی شار « 9-8

کارگەی مافور، کارگەیەکی بەرهەمداری پشتگوێخراو « 10

نەوالی سەیدەلی.. میهرەبانەکەی شار « 16




## لەساڵی ٢٠٢١دا مۆڵەتی پرۆژەی پیشەسازی کەمتر بوو لەساڵی ٢٠٢٠

3 «

## داوای کۆبوونەوەی زوورە بازرگانیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەین

4 «

ساڵی نوێتان پیرۆز

# کونسوڵی گشتی ئیمارات سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات

**کونسوڵی گشتی ئیمارات لەهەولێر سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد، لەلایەن سیروان محەمەد، سەرۆکی ژوورو یاسین ڕەحیمو نەوزاد غەفوور، جێگرانی سەرۆکو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕییو ژمارەیەک لەبازرگانانو خاوەنکارانی سلێمانیەوە پێشوازی لێکرا.**



ئامانج لەسەردانەکەی ئەحمەد ئیبراهیم، کونسوڵی گشتی ئیمارات بۆ شاری سلێمانی، بەدواداچوون بوو بۆ دۆخی وەبەرهێنان لەشاری سلێمانیو ئەو پرۆژانەی کە کۆمپانیا ئیماڕاتییەکان دەتوانن کاری تێدا بکەن، لەمبارەیەوە لەگەڵ سەرۆکو ئەندامانو بازرگانانی سلێمانی گفتوگۆی کرد سەبارەت بەمیکانیزمی بانگهێشت کردنی کۆمپانیا ئیماراتییەکان بۆ شاری سلێمانی، تاکو بەهاوبەشی لەگەڵ خاوەنکارانی سلێمانی بتوانن پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجامبدەنو کار بکەن.

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانەکەی کونسوڵی ئیماراتو ڕایگەیاند ئەم جۆرە سەردانانە گرنگی خۆی هەیە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بازرگانانو خاوەنکاران، داواکارین بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشی پەیوەندییەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، شاندی بازرگانانیو وەبەرهێنان لەئیماڕاتەوە بهێنن بۆ سلێمانی تاکو بەکۆمپانیاکان ئاشنا بنو بتوانن پرۆژەو کاری هاوبەش ئەنجام بدەن.

ئاماژەی بەوەش دا، پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بریتیە لە ٩٠٠ گەنجینە کە لەسەر ڕووبەری ٥٢٢ دۆنم زەوی جێبەجێ دەکرێتو دابەش بووە بەسەر چوار جۆر گەنجینەدا کە ڕووبەرەکەیان بریتیە لەگەنجینەی ٢٠٠ مەتریو ٤٠٠ مەتریو ٦٠٠ مەتریو ٨٠٠ مەتری، لەئێستاشدا ڕۆژانە کارکردن تیادا بەردەوامە، لەدروستکردنی پرۆژەکەدا هەموو ستاندار و پێوەرێکی جیهانی تێدا ڕەچاو دەکرێت، شەقامی فراوان لەپرۆژەکەدا بونی هەیە، خزمەتگوزاریەکانی وەک، ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو شەقامی قیرتاوو شۆستەو سیستەمی ئاگرکوژێنەوە بەشێوەیەکی مۆدێرنو پێشکەوتووی تیایەو دیواری راگر ناو پرۆژەکە لەدەرەوە جیادەکاتەوە، دەتوانرێت برێکی ئێجگار زۆر کاڵاو شتومەکی جۆراوجۆری تیادا هەڵبگرێت بۆ کاتی ڕووداوی لەناکاوو قەیرانی نەخوازراو، داواکارین کۆمپانیاکانی ئیمارات سەردانی ئەم پڕۆژەیە بکەن کە بەتەواو بوونی دەبێتە سەنتەرێکی بازرگانی گرنگ لەسەر ئاستی عێراق.

# کونسوڵی یۆنان سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی دەکات



**ستاڤرۆف کریمز، کونسوڵی گشتی یۆنان لەهەولێر سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کردو لەلایەن سیروان محەمەد، سەرۆکی ژوورو ئازاد شمقار ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور پێشوازی لێکرا.**

لەکۆبونەوەیەکدا سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی باسی لەباردۆخی ئابوریو وەبەرهێنان کرد لەشاری سلێمانیو رایگەیاند "سلێمانی لەبواری پیشەسازیدا لەسەر ئاستی عێراق پێشەنگە، لەئێستاشدا گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵ دەدەین، بۆ ئەم مەبەستە بەشی راوێژکاری کشتوکاڵیمان کردۆتەوە کە رۆڵێکی گرنگی هەیە لەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی جوتیارانو ئەو بازرگانانەی لەبواری کشتوکاڵداو پەلەوەرو ئاژەڵداری کاردەکەنو بەشەکە چەندین روپێوی بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕەوشی کشتوکاڵ ئەنجامداوە لەگەڵ کردنەوەی خولی بەهێزکردن بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵی".

لای خۆشیەوە ستاڤرۆف کریمز، کونسوڵی گشتی یۆنان رایگەیاند "دەمانەوێت گرنگی بەوەبەرهێنان بدەین لەشاری سلێمانی بەتایبەتی لەبواری پیشەسازی کشتوکاڵیدا، لەبەرئەوەی یۆنان لەم بوارەدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو زەویو کەشوهەوای کوردستانیش زۆر لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردنو خاکی کوردستان زۆر بەپیتە، هانی کۆمپانیاکانی یۆنان دەدەین لەم بوارەدا وەبەرهێنان بکەن".

ئاماژەی بەوەش دا، لەسەرەتای ساڵی داهاتودا پیشەنگایەکی کشتوکاڵی لەوڵاتی یۆنان دەکرێتەوەو بازرگانانی شاری سلێمانی کە لەبواری کشتوکاڵدا کاردەکەن لەرێگەی بەشی پەیوەندییەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیەوە دەتوانن بەشدار بن.

# شاندێکی بازرگانانی گەرمیان سەردانی وەزارەتی دارایی و کشتوکاڵیان کرد

**شاندەکە پێکهاتبوو لە ٢٥ بازرگانانو خاوەنکار بەسەرۆکایەتی ئەحمەد کەلاری، نوێنەری بازرگانانی گەرمیان سەردانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کرد لەهەولێر ، شاندەکە لەلایەن ئاوات شێخ جەناب، وەزیری داراییو بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتەوە پێشوازیان لێکرا.**

ئەحمەد کەلاری، نوێنەری بازرگانانی گەرمیان لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ڕایگەیاند "لەکۆبوەنەوەکەماندا کە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند، باس لەسەرجەم کێشەو گرفتەکانی مەرزەکانی پەروێزخانو پشتە کرا، وەزیری دارای بەڵێنی دا بەوپەڕی تواناوە کار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانو کێشەکان بگەیەنێتە ئەنجومەنی وەزیران تاکو سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بێنە سەر هێڵ بەمەبەستی چارەسەر کردن".

راشیگەیاند "بەشێک لەو کێشەو گرفتانەی لەکۆبونەوەکەدا باسی لێوەکرا بریتییە لەکێشەی کرێی بارهەڵگرەکانو کێشەی هەبوونی چەندین کۆمپانیا لەمەرزی پەروێزخان کە ڕۆژانە بەناوی جیاوازەوە پارەیەکی زۆر لەبازرگانانو خاوەنکاران وەردەگرنو بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی جوڵەی بازرگانی لەمەرزەکەدا، نەبوونی خزمەتگوزاری لەمەرزی پەروێزخان یەکێکی دیکە بوو لەکێشەکانمان، وەزیری دارایی بەڵێندا کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کێشەی ڕێگای کەلار – پەروێزخان باسی لێوەکرا، جەنابی وەزیری وتی بودجەیەک دیاری کراوە بۆ دوو سایتکردنی ئەو ڕێگایە، بەشێکی تری گفتوگۆکان کێشەی ئەو بارهەڵگرانە بوو کە دەچنە ناوەڕاستو باشوری عێراق، بڕیار درا لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونو چارەسەرکردنی کێشەکان پێکبهێنرێت بەئامادەبوونی نوێنەری ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی".

ئاماژەی بەوەش دا، "دوای سەردانەکەمان بۆ وەزارەتی دارایی، شاندەکەی بازرگانانی گەرمیان بەسەرپەرشتی بەندە سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵمان کردو لایەن بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵەوە بەگەرمی پێشوازیمان لێکرا، لەبارەی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی پەیوەندیدار بەوەزارەتی کشتوکاڵەوە گفتوگۆمان کرد، یەکێک لەکێشەکان هاوردەکردنی پەین بوو کە لەمەرزەکان پارەیەک وەردەگیرا، بەڵام ئێستا ئەو کێشەیە چارەسەرکراوە هەلوو کەسێک دەتوانێت پەین بهێنێت بێ ئەوەی پارەی لێوەربگیریت، بەشێکی تری کێشەکان کەمی کۆگای بازرگانی بوو لەسنوری گەرمیان وەزیری دارایی بەڵێنی پێداین ئەگەر زەوی کۆگاکان بەردەڵانی بێت دەتوانیت زەویمان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەگەر کشتوکاڵی بێت لەدەسەڵاتی وەزیری کشتوکاڵە، بۆیە ئێمەش ئەم سەردانەمان کردو لەگەڵ جەنابی وەزیر لەمبارەیەوە گفتوگۆمان کرد بەڵێنی دا دوای تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان لای خۆیەوە هەوڵی جدی دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت زەوی بۆ بازرگانان دابین بکات".





## بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، محەمەد جەبار:

# لەساڵی ٢٠٢١دا مۆڵەتی پڕۆژەی پیشەسازی کەمتر بوو لەساڵی ٢٠٢٠



ژینگەی پیشەسازی لەبار نیە بۆ گەشەکردن

ئا: ڕێژەن سەردار

**بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، محەمەد جەبار ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی ٢٠٢١ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی لەشاری سلێمانی لەپاشەکشەدا بوو، ئەو دەڵێت "لەساڵی ٢٠٢١دا مۆڵەتی پڕۆژەی پیشەسازی بەراورد بەساڵی ٢٠٢٠ کەمتر بوو، ژمارەی مۆڵەتی پڕۆژە پیشەسازییەکان بۆ ئەمساڵ ٤١ مۆڵەتمان داوە، بەڵام ساڵی ٢٠٢٠ زۆر زیاتر بوو، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە ڕۆتین زۆر زیادی کرد لەساڵی ٢٠٢١و زەویش نەبوو بۆ پڕۆژەی پیشەسازی".**

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، محەمەد جەبار ئاماژە بەوە دەکات پیشەسازی لەشاری سلێمانی بەتایبەتیو لەکوردستان بەگشتی لەدۆخێکی قورسدایە، لەبەرئەوەی ژینگەی پیشەسازی لەبار نیە بۆ گەشەکردنو پێداویستەکانی پیشەسازی لەئاوو کارەباو زەوی زۆر بەقورسی دەستدەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی رۆتیناتی زۆر پەیڕەو دەکرێت، هەموو ئەمانەش هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە قورسەن، ئەو بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند "لەساڵی ٢٠٢١دا مۆڵەتی پڕۆژەی پیشەسازی بەراورد بەساڵی ٢٠٢٠ کەمتر بوو، لەساڵی ٢٠٢١دا ٤١ مۆڵەتی پڕۆژە پیشەسازییمان داوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٠ زۆر زیاتر بوو، لەسلێمانی ٧٠ پڕۆژە مۆڵەتی وەرگرتووە".

وتیشی "سلێمانی بەشێکی گرنگ لەکارگە پیشەسازییە گەورەکانی کوردستانو عێراق لەخۆدەگرێت، کە توانای بەرهەمهێنانیان لەئاستێکی زۆر بەرزدایە، بەڵام گەر دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا لەپیشەسازیدا ناتوانێت بەپێشەنگی بمێنێتەوەو پاشەکشە دەکات".

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەپارێزگای سلێمانی پێنج کارگەی چیمەنتۆ اپی ڕۆژانە ٤٠ هەزار تەن بەرهەم دەهێنن، دوو کارگەی شیشو ئاسن هەن کە بڕی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەیان ٦٠٠ تەن بۆ ١٢٠٠ تەن ئاسنە، چەندین کارگەی بچوکتریش هەن کە توانای بەرهەمهێنانیان ٢٠٠ تا ٥٠٠ تەنە، چەندین کارگەی خشت هەن کە هەموو پێداویستی بازاڕی عێراق پڕ دەکەنەوە بەکوالێتی بەرز، کارگەی شیرەمەنیو بەرهەمی ماست، کارگەی جبسغ لیز هەن کە لیز گەورەترین کارگەی جبسی عێراقەو براندێکی جیهانی سەروکاری دەکات کە کۆکاکۆلایە، هاوکات پیهارتۆنی بیناسازیو بلۆکی ئاساییو چەندین جۆر بلۆکو سەندەویچ پلانو ترشی کبریتیک، کاشی مۆزائیکی فول ئۆتۆماتیکو مەڕمەڕو زەخرەفەی، چوار پێنج کارگەی دروستکردنی قیرو ئیزۆگامو فلیکۆن هەن کە هەموو بەرهەمەکەیان بۆ هەناردە کردنە، بەژمارە لەسلێمانی زیاتر لە ١٠٨٠ پڕۆژەی پیشەسازی هەیە.

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی، محەمەد جەبار داوا لەحکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات لەپێناو ئەوەی گەشەی پیشەسازی بەردەوام بێت، چاو لەعێراق بکەن کە پارەیەکی زۆری تەرخان کردوە بۆ بانکی پیشەسازیو کشتوکاڵو هەموو بوارەکان، پشتگیرییەکی زۆریشیان دەکات، یاسایەکیشیان هەیە کاری پێدەکەن، بەڵام تا ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا بەمجۆرە نییە، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی ئەوە روندەکاتەوە کە ئێستا خاوەن پڕۆژە پیشەسازییەکان کێشەی زۆریان بۆ دروست بووە لەبەرئەوەی رۆتین زۆر زیادی کردووە بەتایبەتی لەساڵی ٢٠٢١دا، هەروەها

> **لەساڵی ٢٠٢١دا ٤١ مۆڵەتی پڕۆژە پیشەسازییمان لەسلێمانی داوە، بەڵام لەساڵی ٢٠٢٠ ٧٠ پڕۆژە مۆڵەتی وەرگرتووە**

وەختی خۆی کە زەوییەکەی بەپێی یاسای ژمارە ٢٥ وەرگرتوەو یاسای بەکرێگرتنە، ئێستا یاسای ژمارە ٢٥ هەڵوەشاوەتەوەو حکومەتی هەرێم کاری پێناکات".

بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە بنەمایەکی گرنگی بەپیشەسازی بوون پڕۆژەی بچوکو مام ناوەندە، ئەو وتی "پڕۆژە بچوکو مام ناوەندەکان غەدریان لێکراوە، لەبەرئەوەی ئەمانە مۆڵەت لەژووری بازرگانیو پیشەسازی وەردەگرن هیچ ئیمتیازێک نایانگرێتەوە، نەدەتوانن زەوی وەربگرنو نەبەخشینی گومرکیو باج دەیانگرێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە ئەمانە پشتگیریی بکرێنو قەرزی پیشەسازییان پێبدرێت، بەڵام بەداخەوە ئەمانە بێبەشن لەهەموو ئیمتیازێک".

وتیشی "ئەو هاوڵاتیانەی خاوەن پڕۆژەن ئەگەر بەیاساکانی ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ بکرایە نەدەبوو رسوماتیان لێوەربگیرێت، بەڵام کاتی خۆی ڕێکەوتنێک لەنێوان وەزارەتی پیشەسازیو یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان کرا کە بەگوێرەی ڕێکەوتنەکە ئەو پڕۆژانەی سەرمایەیان لە ٧٥ ملیۆن دینار کەمترە ژووری بازرگانی مۆڵەتی پێدەدات ئەوەی لە ٧٥ ملیۆن زیاترە وەزارتی پیشەسازی مۆڵەتی پێدەدات، بەمەش زۆر پڕۆژە غەدری لێدەکرێت، پڕۆژە هەیە ئامێری هەیە کە بەهاکەی ٧٠ ملیۆن دینارە، ئەگەر بە گوێرەی یاسای ٢٥ مۆڵەت وەربگرێت لێخۆشبون لەگومرگ و باجی دەرامەت دەیگرێتەوە، بۆیە دەبێت یەکێتی ژوورە بازرگانیەکانو وەزارەتی پیشەسازی پیاچوونەوە بەو یاسایەدا بکەن".

ناوبراو ئەوەش روندەکاتەوە ئەو کارگانەی لای وەزارەتی پیشەسازی مۆڵەت وەردەگرن زەوییان بەکرێ پێدەرێت، بەڵام ئەوەی لەژووری بازرگانیو پیشەسازی وەریدەگرێت زەوی بە موساتەحە پێدەرێت، ئەو وتی "بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت ژووری بازرگانیو وەزارەتی بازرگانی دابنیشنو گفتوگۆ بکەن بۆ نمونە کارگەی ئەلەملیۆمو پلاستیک ئەوەی لای ئێمە مۆڵەتی پێدراوە سوودمەنتر دەبێت لەوەی لەژووری بازرگانی وەریدەگرێت، ئێستاش ئەگەر ئەو کارگانەی لە ژووری بازرگانی مۆڵەتی پێدراوە بێنە سەر ئێمە تاکو پێنج ساڵ لێخۆشبونی زەریبەی هەیە، تاکو ١٠ ساڵ لێخۆشبونی گومرگی هەیە، زەوی بەکرێ پێدەدەرێ، لای ئێمە کتابێکیان بۆ دەکەین بۆ شارەوانی بەگرێبەستی کرێ دەیداتێ نەک بەموزایەدەو موساتەحە، دەتوانن کەرەسەی خاو بهێنن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ گومرک نەدەن، ئەمە دەکرێ زۆریک لەکارگەکانی کەوانتەرو پی ڤی سی بنگرێتەوە ئەگەر بەمۆڵەتی ئێمە بێت".

وتیشی "بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازی دەبێت یاساکانی پیشەسازی گشتگیر بن، مۆڵەتەکان یەک بخرێت، کێشەکە ئەوەیە ئێستا کشتوکاڵو ژووری بازرگانیو پیشەسازیو سەندیکای کارگەکان مۆڵەت دەدەن، ئەو مۆڵەتانەی دەیدەن هیچ ئاسانکاریەک نایگرێتەوە".

# "داوای کۆبوونەوەی ژوورە بازرگانیەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەین"

ئا: بازرگانیو پیشەسازی

**جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، یاسین رەحیم فەرەج داوا لەهەموو رێکخراوو ناوەندە ئابورییەکان دەکات لەژێر چەتری ژووری بازرگانیو پیشەسازیدا خۆیان رێکبخەنەوەو کاری هاوبەش بکەن، ئەو دەڵێت "داواکاریشین بەزووترین کات کۆبوونەوەی نێوان ژوورە بازرگانیەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئەنجام بدرێت بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەو ئاریشە ئابورییەکان".**



ژووری بازرگانیو پیشەسازیی سلێمانی

جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، یاسین رەحیم فەرەج بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەنیازە بەمەبەستی خۆرێکخستنەوەو ئەنجامدانی کاری هاوبەش دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەو رێکخراوو ناوەندە ئابورییانە درێژ بکات کە لەشاری سلێمانی کارو چالاکی ئەنجام دەدەن، ئەو وتی "مەبەست لەم دەستپێشخەرییە کۆبوونەوەو لێنزیک کردنەوەی ئەم ناوەندانەیە لەیەکتری بۆ ئەوەی رۆڵێکی کاریگەرترو پێکەوەیی ببینن بەئامانجی پێشخستنی پرۆسەی ئابوری لەپارێزگای سلێمانی بەتایبەتیو لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی، چونکە ئامانجی هەمووومان گەشەی ئابوریو بازرگانییە".

وتیشی "دەمانەوێ لەرێگەی ئەم دەستپێشخەرییەوە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو بازرگانانو ئەو رێکخراوو ناوەندە ئابورییانەی کە دەیانەوێ داکۆکی لەکاری بازرگانیو ئابوری ئازاد بکەن، تا پێکەوە بتوانین وەک گروپێکی گوشاری کارا کاری هاوبەش بکەین".

هاوکات جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی نێوان ژوورە بازرگانیو پیشەسازییەکان دەکات لەگەڵ راوێژکارانی ئابوری سەرۆکی حکومەتو جێگری سەرۆکی حکومەتو لەگەڵ لیژنەی باڵای ئابوریو وەزارەتەکانی بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵو دەستەی وەبەرهێنانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئەو گرفتو کێشانەی روبەڕووی سێکتەرە ئابورییەکان بوونەتەوە، ئەو وتی "ئێستا کوردستان پێویستی بەوەیە لەڕووی ئابورییەوە لەمە زیاتر نەکەوێتە گێژاوی قەیرانو کێشەوە، بۆیە داواکارین حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان گوی لەپێشنیارو پرۆژەو داواکارییەکانمان بگرن تا بەئارامی ئەم قەیرانو کێشانە تێپەڕێنین".

وتیشی "ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پلانمان هەیە لەسەر دوو ئاست ئیش بکەین: یەکەمیان، هەوڵ ئەدەین هەموو رێکخراوو ناوەندە ئابورییەکان لەژووری بازرگانیو پیشەسازی نزیک بخەینەوە، بۆ ئەوەی ژووری بازرگانی ببێتە چترێک لەسایەیدا هەموویان کۆببنەوەو بەرامبەر بەهەر رووداوو پێشهاتێکی ئابوری هاوهەڵوێست بینو گفتوگۆیەکی ناوخۆیی لەنێوخۆماندا ئەنجام بدەینو بەشێوەیەکی رێکخراوتر کاری هاوبەشو پێکەوەیی بکەین. دووەمیشیان، وەک نوێنەری هەموو بازرگانو پیشەسازکاران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببینەوە تا پێکەوە پلانی هاوبەشو سیاسەتی ئابوری دابڕێژین بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئەو کێشەو گرفتانەی ئاستەنگو رێگرن لەبەردەم گەشەی ئابوریدا".

داوا لەهەموو رێکخراوو ناوەندە ئابورییەکان دەکەین لەژێر چەتری ژووری بازرگانیو پیشەسازیدا خۆیان رێکبخەنەوەو کاری هاوبەش بکەن

# بەشی کشتوکاڵی ژووری بازرگانی لەخولێکدا نوێترین زانیاری بەجوتیاران دەدات

ئا: زریان محەمەد

**بەمەبەستی پێدانی زانیاری دەربارەی نوێترینو پێشکەوتوترین جۆری بەرهەمهێنانی سەوزە بەشی کشتوکاڵی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خولێکی تایبەتی بۆ جوتیارانی خانوە پلاستیکیەکان کردەوە.**

وەسفی خەلیل، ڕاوێژکاری کشتوکاڵی لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی راگەتیاند "دەربارەی هایدرۆپۆنیک (Hydroponics)خولێکی راهێنانی جوتیاران لەلایەن بەشی کشتوکاڵی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووی پلاستیکیو کۆمپانیای ئیکۆکۆنسێڵتو بەهاوکاری حکومەتی هوڵەندی بەڕێوەچوو بەمەبەستی زیاد کردنی بەرهەمو بەتەندروستی کردنی سەوزەو کەم بەکارهێنانی ئاو لەسەردەمی وشکەساڵی".

وتیشی "کشتوکاڵی هایدرۆپۆنیک نوێترین جۆری کشتوکاڵە پشت بەخۆڵ نابەستێتو بەرهەمی ئەم جۆرە کە بەراورد بکرێت لەگەڵ خانوی پلاستیکی پێنج بەرامبەر زیاترە گەر لەمەترێکدا لەخانوی پلاستیکی ١٢ کیلۆ بەرهەمت هەبێت لەهایدرۆپۆنیک بۆ یەک مەتر ٦٠ کیلۆ بەرهەمدەبێتو کەمتر ئاو بەکاردێت بەڕێژەی لەسەدا ٦٠ لەخانووی پلاستیکی".

ئەوەش ڕوندەکاتەوە لەم جۆرە کشتوکاڵەدا نەخۆشی کەمترە "دوو جۆر نەخۆشی هەیە نەخۆشی لەڕەگەوەو نەخۆشی سەرو خۆڵ، کە لەجۆرەکانی تری چاندن ڕودەدات، لەهایدرۆپۆنیک خۆڵ بەکارنایەت بۆیە ئەو نەخۆشیانە ڕوبەڕوی بەرهەمەکە نابێتەوە".

کشوکاڵی هایدرۆپۆنیک لەجیهاندا گرنگی زۆری پێدەدرێت لەشاری هەولێر پرۆژەیەک سەرقاڵی بەرهەمهێنانەو کاردەکات لەشار، سلێمانیش جوتیاران سەرقاڵی دەستپێکردنی ئەم جۆرە نوێیەی کشتوکاڵ بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە.

دیدار جەمیل تۆفیق، ئەندازیاری هونەریو ڕاهێنەر لەکۆمپانیای ئیکۆکۆنسەڵت بەڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی ڕاگەیاند "کردنەوەی ئەم خولانە بۆ جوتیاران ئامانج لێی پێدانی زانیاریە بەجوتیاران لەبارەی تازەترین جۆری کشتوکاڵ هایدرۆپۆنیک بۆ بەرهەمهێنانی سەوزە لەم جۆرە کشتوکاڵەدا خانوی پلاستیکی دەگۆڕێت بۆ خانووی فرە کەوان بەنوێترین جۆری پێشکەوتوو بەسیستمی کۆمپیوتەری کۆنترۆڵی کەشوهەوای خانوەکە دەکرێت لەپلەی گەرمیو ڕێژەی شێو تیشکی خۆرو سیستمی ئاودان".

راشیگەیاند "کۆمپانیاکەمان بەهاوکاری حکومەتی هۆڵەندی هاوکاری جوتیاران دەکات بۆ تازەترینو پێشکەوتوترین جۆرەکانی زانیاری لەکەرتی کشتوکاڵیدا هانی جوتیاران دەدات کار بەپێشکەوتوترین جۆرەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ بکەن".

کۆمەڵەی خانووە پلاستیکیەکان پشتیوانی لەشێوازی نوێی بەرهەمهێنانی سەوزە دەکەن داواش دەکەن هاوکاری جوتیاران بکرێت بۆ گۆڕینی خانوە پلاستیکیەکان بۆ خانوی شوشە.

ئەمیر دارا، ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خانووە پلاستیکیەکان بەڕۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی راگەیاند "کردنەوەی ئەو خولانە گرنگی زۆری هەیە بۆ جوتیاران زانیاری زۆر باشیان لێوەرگرتووە، بەرهەمهێنانی سەوزە بەڕێگەی هایدرۆپۆنیک زۆر گونجاوەو زۆر باشە تێچووی ڕۆژانەی کەمترە، بەڵام لەسەرەتاوە بۆ دروستکردنی خانووەکە پارەیەکی زۆری پێویستەو جوتیاران توانای ئەو پارە زۆرەیان نیە لەسەرەتاوە".

راشیگەیاند "هایدرۆپۆنیک بەرهەمی باشی هەیەو دەتوانیت ڕێژەی بەرهەم زیاد بکرێت، بەڵام گەر ڕێکخراوێک یان کۆمپانیایەک هەبێت بەشێوەی قیست ئەو جۆرە خانووانە بۆ جوتیاران دروست بکاتو مانگانە برێک پارە بگەڕێنێتەوە چونکە جوتیاران ئەوەندە پارەیان نیە بتوانن لەسەرەتاوە ئەو خانووە دروست بکەن کە بۆبەرهەمهێنانی سەوزە بەشێوەی هایدرۆپۆنیک بەکاردێت".

لەسنوری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە ٢٠ هەزار خانووی پلاستیکی هەیە کە بەرهەمی سەوزەو میوە بەرهەم دەهێنن.

کشتوکاڵی هایدرۆپۆنیک نوێترین جۆری کشتوکاڵە پشت بەخۆڵ نابەستێتو بەرهەمی ئەم جۆرە کە بەراورد بکرێت لەگەڵ خانوی پلاستیکی پێنج بەرامبەر زیاترە



# کۆکردنەوەی داهاتی تابلۆی بازرگانیو خۆڵو خاشاک نیگەرانی دروستکردووە

ئا: زریان محەمەد

**بەمەبەستی کۆکردنەوەو زیادکردنی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕسوماتی وەرگرتنی تابلۆی ڕیکلامی بازرگانی دوکانو شوێنە گشتیەکانو کۆکردنەوەی خۆڵو خاشاک بەردەوام نیگەرانی کاسبکارانو بازرگانانی بەدوای خۆیدا هێناوەو وەرگرتنی ڕسوماتەکەش بەردەوامە.**

زەردەشت ڕەفیق، بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی لەبارەی وەرگرتنی ڕسوماتی تابلۆو خۆڵو خاشاک لەشاری سلێمانی بەڕۆژنامەی بازرگانیوپیشەسازی ڕاگەیاند "بڕیاری کۆکردنەوەی داهاتی خۆڵو خاشاکو تابلۆی سەر دوکانو بازاڕەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەساڵی ٢٠١٦ دەرکراوەو لەساڵی ٢٠١٧ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە".

راشیگەیاند "وەرگرتنی روساماتی خۆڵو خاشاکو تابلۆی بازرگانی لەشاری هەولێر لەساڵی ٢٠١٨ چوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەشاری سلیمانیش وەک سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لەساڵی ٢٠١٩ چووە بواری جێبەجێکردنەوە، وەرگرتنی ڕسوماتی تابلۆی بازرگانی گەر لەسەر فلێکس کرابێت، ئەوا بۆ هەر مەتر دووجایەک ٣٠ هەزار دینارە، بۆ ئەو نوسینانەی کارەباینو جوڵاون بۆ هەر مەتر دووجایەک ١٢٥ هەزار دینارە، هەندێک لە خاوەنکارانو بازرگانان هەستاون بەلێکردنەوەی ئەو تابلۆیانە بۆ ئەوەی رسومات نەدەن".

ئاماژەی بەوەشدا بڕیارەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرکراوەو هەموو شارەکانی هەرێم دەگرێتەوەو جێ بەجێ دەکرێتو جیاوازی نیە، لەشاری سلێمانی لەڕێگەی سێ کۆمپانیاوە پارەکە کۆدەکرێتەوە، داهاتەکە لەسەدا ٩٠ی بۆ حکومەتی هەرێم دەڕوات، لەسەدا ١٠ بۆ کۆمپانیاکانەو لەسەدا ١٥ بۆ شارەوانی ئەو پاریزگایە دەبێت کە پارەکەی تیادا کۆدەکرێتەوەو دەتواندرێت بەکاربهێندرێت بۆپرۆژەی خزمەتگوزاریی".

بەرپرسی ڕاگەیاندنی شارەوانی سلێمانی جەختیکردەوە "وەرگرتنی رسومات لەشاری سلێمانیو هەولێر بەردەوامە کۆمپانیاکان بەردەوامن لەکۆکردنەوەی ئەو داهاتە".

بەشێک لەخاوەن دوکانو مارکیتەکان لەهەرێمی کوردستان نیگەرانن لەوەرگرتنی ئەو رسوماتەو پێیانوایە پێویست ناکات حکومەت ئەو پارەیە گەر دوکانیک ناوی دوکانەکەی نەنوسێتو بانگەشەی بۆ نەکات کارێکی ناشارستانییە لەبازاڕو دوکانەکان دروست دەبێتو شوێنەکان ناناسرێت.

ئاوات کەمال، خاوەنی مارکێتێک لەشاری سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "من زیاتر لە ١٠ ساڵە خاوەنی مارکێتم بەشێکی زۆری هاوڵاتیان سەردانم دەکەنو کاڵاکانیان دەکڕنو بون بەموشتەریم، ناوی بازرگانی مارکێتەکەم ناوبانگی دەرکردووەو بەشێوەی حەرفی بارز ناوی مارکێتەکەمم هەڵواسیوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٩وە کە بوە هۆی وەرگرتنی پارە لەلایەن حکومەتەوە وەک هەقی هەڵواسینی ناوەکەی بۆیە منیش ئەو جوانکاریەی کە کردومە هەمویم لابردووە تەنها بە پارچەیەک فلێکسی بچوک ناوەکەم هەڵواسیوە ئەوەش بۆتە هۆی ناشرین بونی مارکێتەکەم، وەرگرتنی ئەو رسوماتە وەک داهات بۆ حکومەت زیانی بەکاری ئێمە گەیاندووە".

وتیشی "بەشێکی زۆر لەهاوڕێکانم کە وەک من سەرقاڵی کاری فرۆشتنی خواردنو ئەلکترۆنین، تەنها لەسەر جامخانەکانیان ناوی دوکانەکانیان نوسیوە، هیچ شتێکیان بەفلێکسو بەحەرفی بارز نەکردووە، لەبەرئەوەی بڕی وەرگرتنی ئەو پارە زۆرە، بۆیە هیوادارم حکومەت ئەو پارەیە وەرنەگرێت یان کەمتری بکاتەوە، تا هەمو دوکاندارێک بتوانێت بەشێوەیەکی جوان ناوی دوکانەکەی بنوسێت".

ئەو دوکانداره ئاماژەی بەوەش دا "کرێی کارەبا، کرێی ئاو، کرێی فڕێدانی خۆڵ هەموی لەسەرمان زیادیکردووە ئینجا پارەی ناوی دوکانەکەشی بێتە سەر بۆیە زۆر بێزارین لەکارکردنو نرخی هەموو شتومەکێک زیادیکردووە، حکومەتیش موچەی فەرمانبەرانی زیاد نەکردووە، ئەوەش کاری کردۆتە سەر کەسابەتو بازاڕمان بەتەواوی فرۆشمان کەمیکردووە".

ئابوری ناسێک ئاماژە بەوە دەکات حکومەت بەردەوام باج زیاد دەکات پێویستە لێکۆڵینەوەی زانستیو مەیدانی بکات بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا کە هەیە.

یوسف شەریف، شارەزای ئابوری لەبارەی دانانی باج لەسەر تابلۆی دوکانو بازاڕەکان بۆ رۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "بەگوێرەی پێوەرە ئابوورییەکان وڵاتان لەکاتی تەنگژەی ئابووریدا بەتایبەتی بێبازاڕیو کەمبوونەوەی جوڵە بازرگانیو پیشەسازییەکان بۆ پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت تا پاشەکشە نەکات لەگەشەو بوژاندنەوەی ئابووری، وەک چارەسەرێک بۆ ئەو بارودۆخە لێخۆشبوونو کەمبوونەوە بۆ باجو رسوماتەکان بکات، بەڵام ئەوەی کە ئێستا بەدی دەکرێت کەرتی تایبەت لەپاشەکشەدایە لەدوای ساڵی ٢٠١٤و هەڵگیرسانی شەڕی داعشەوە، حکومەتیش بەردەوام باجو رسوماتی نوێو ئەوانەی پێشتریش چەند بەرامبەر زیاد دەکات، رسوماتی هەڵواسینی تابلۆی ریکلامیش یەکێکە لەوانە، دەرنجامی ئەو هەنگاوانەی حکومەت پێشبینی دەکرێت لەساڵانی ئایندەدا ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیاو کارگە پاکتاو بکرێنو ڕێژەی بێکاریش بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات، پێویستە حکومەت لێکۆڵینەوەی زانستیو وردو مەیدانی بکات بۆ ئەو بارودۆخەی ئێستا".

وتیشی "ئەم جۆرە بڕیارانە لەوانەیە لەماوەی کورتدا سەرچاوەی داهات بێت بۆ حکومەت، بەڵام کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئایندەی کەرتی تایبەتو تەنانەت پارەدار کردنی حکومەتیش لەماوەی دووردا".

لەئێستادا شاری سلێمانی کراوە بەچەند زۆنێک لەڕێگەی سێ کۆمپانیاوە، مانگانە کرێی ریکلامی دوکانو شوێنە گشتیەکان کۆدەکرێتەوە.

کرێی کارەبا، کرێی ئاو، کرێی فڕێدانی خۆڵ هەموی لەسەرمان زیادیکردووە ئینجا پارەی ناوی دوکانەکەشی بێتە سەر بۆیە زۆر بێزارین لەکارکردن


ناو بازاڕی سلێمانی

# نرخی قوماش بەڕێژەی لە٣٠٪ گران دەبێت

## گرانبونی قوماش کاریگەری لەسەر نرخی جلوبەرگی ئامادەکراو دەبێت

**ئا: زریان محەمەد**

**لەئێستادا نرخی قوماش لەبازارەکانی جیهاندا گـران بووە، ئەمەش کاریگەری کردوەتـە سـەر بـازاڕی جلوبەرگـی ئامادەکـراو لەفرۆشـگاکانو نرخ بەرز بوەتـەوە، بازرگانێکـی قوماش دەڵێت "بەرزبونـەوەی نرخـی نـەوتو کەمی بەرهەمـە سـەرەتاییەکان وایکـردووە قوماش گران بێت".**

عەتـا حاجـی ڕەجـەب، ئەندامـی ئەنجومەنی کارگێـڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو بازرگانی قوماش بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وت "لەئێستادا نرخی قوماش بەڕەێژی ٣٠٪ گران بووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی نرخـی نەوت کەوا دەکات تەواوی بەرهەمە پیشەسـازیەکان گران بێت، تەنها لەعێراق لەبەرئەوەی بەرهەمی پیشەسازی تێدا کەمە بوینەتە وڵاتێکی بەکاربـەر نەک بەرهەمهێن، نرخی نەوت کاتێک گران دەبێت قوماش گران دەبێت، هەروەها لۆکەو خوریو هاوکات ماددەی پۆلیسـتەر کە لەنەوت دروست دەکرێت قوماشی پێ بەرهەم دێت گران بووە".

وتیشـی "هـاوردە کردنـی قوماش بـەزۆری لەوڵاتـی چینـەوە دەکرێتو لەوڵاتی هندستانو ئەندەنوسیاو تایوانو تایلەند هاوردەی قوماشی ژنانو پیاوان دەکرێت".

عەتا حاجی ڕەجـەب ئاماژە بەوەش دەکات کە نرخی قوماش بەڕێژەی ٣٠٪ گران بووە، ئەگەر قوماشـێک پار ساڵ هەر مەترێکی بە ٨ دۆلار بوبێت ئێسـتا بوەتـە ٩ دۆلارو ٢٠ سـەنت، ئەمـەش بۆبازاڕو فرۆشتن کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر بازاڕ".

ئـەم بازرگانـەی قوماش ئەوەشـی ڕونکـردەوە کـە هاوردەکردنی قوماش بۆ هەرێمی کوردسـتان زۆرە، بەتایبەت قوماشـی ئافرەتان زۆرترە لەبەرئەوەی خواسـت لەسـەری زۆرەو نرخیشـی بەرزانتـرەو هاوڵاتیان گرنگی بەدورینی جلوبەرگیـش دەدەن وەک ئـەوەی کە جلی ئامادەکراو بکڕن.

نرخی جلوبەرگی ئامادەکراو لەوڵاتانی بەرهەمهێنـەر گـران بـووە بەهۆکاری بەرزبونـەوەی نرخی قومـاش، ئەوەش وایکردووە لەئێسـتادا نرخی جلوبەرگی ئامادەکـراو لەبازاڕەکانی کوردسـتان بەرزبونەوە بەخۆیەوە ببینێت.

زریان سـیروان، یەکێک لەبازرگانانی هاوردەکردنـی جلوبەرگـی ئامادەکراو بەڕۆژنامـەی "بازرگانیو پیشەسـازی" وت "وڵاتی تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین جلوبەرگـی ئامادەکراوی تیادا دروست دەکرێت، ئێمەش لەوێوە جلوبەرگ هـاوردە دەکەین، لەئێسـتادا دەوترێت نرخی لیرە دابەزیـوە دەبێت جلوبەرگ هەرزان بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لەکاتی ئامادەکردنی جلوبەرگدا پێویسـتیان بە بەرهەمی سەرەتایی هەیەو ئەو بەرهەمانە

> ”
> **ئەگەر قوماشێک پار ساڵ هەر مەترێکی بە ٨ دۆلار بوبێت ئێستا بوەتە ٩ دۆلارو ٢٠ سەنت، ئەمەش بۆبازاڕو فرۆشتن کاریگەری زۆری دەبێت**

لـەدەرەوەی تورکیا هـاوردە دەکرێتو بەدۆلار مامەڵەیان پێوە دەکرێت".

وتیشـی "وڵاتی تورکیا گـەر قوماش هاوردە نەکات ئەوا پێویستی بە بەرهەمی سـەرەتایی دروسـتکردنی قوماشە کە ئـەوەش لۆکەیـە، هەرچەنـدە تورکیا خۆشـی پەموو لۆکە بەرهەم دەهێنێت، بەڵام هێشتا بەشی ناکاو لۆکەش هاوردە دەکات لەوڵاتـی پاکسـتانەوە، هاوکات ماوەی دوو ساڵیشـە وڵاتی چین لۆکەی پاکسـتان دەکرێت بەهۆی کەمی لۆکە لەوڵاتەکەی، ئەمـەش وایکردووە نرخی بەرهەمە سەرەتاییەکان دوو هێندە زیاد ببێت بەراورد بەساڵی ڕابردوو".

زریـان ئاماژە بـۆ ئـەوەش دەکات "لەمـاوەی دوو مانگـدا لەوڵاتی تورکیا نرخی هەر تیشـێرتێک یەک دۆلارو ٣٠ سەنت زیادی کردووە، سەرەتای مانگی دەی ٢٠٢١ لەوڵاتـی تورکیا تیشـێرتم کڕیوە بە ٥ دۆلار، بەڵام سەرەتای مانگی دوازدەی ٢٠٢١ نرخی ئەو تیشێرتە بووە بەشەش دۆلارو ٣٠ سـەنت، پێدەچێت ئەو نرخانەش زیاتر بەرز ببنەوە".

ئـەوەش ڕوندەکاتەوە دابەزینی بەهای لیـرەی تورکی وایکردووە نرخی تەواوی کاڵاکان لەتورکیـا گران بێت، هاوڵاتیان بەدەسـت زیادبونـی بـاجو گرانبونی نرخی خۆراکو هۆکارەکانی گواستنەوە گیـرۆدەن، بەرزی نرخـی بەهای دۆلار وایکـردووە هەمـوو پێداویسـتیەکانو دەسـتی کاریـش گرانبێـت لەوڵاتـی تورکیا".


ناوبـراو ئامـاژە بـەوە دەکات کـە لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان چەندین جۆری جلوبـەرگ بەکواڵێتـی جیاجیا خراونەتـە ڕوو، کڕیـاران هەریەکەیان بەپێی خواسـتی خۆیان دەیانکڕن، کە نرخەکانیان بەپێی کواڵیتیان جیاوازە.

ئەو وتی "سـاڵانی ڕابردوو هاوڵاتیان خواستیان لەسەر کواڵێتی باشی قوماش بوو، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە کێشەیان نییـە، کواڵێتی چۆن بێت تەنها کەمێک ڕەونەقـی هەبێت، دەڵێن بۆ دوو سـێ جارە لەبـەری دەکەین، بـۆ پارەیەکی زۆری پێبدەین لەم قەیرانەدا".

بەشێکی زۆری کاسبکارانو بازرگانانی جلوبەرگی ئامادەکراو لەوڵاتی تورکیاوە زۆرترین جۆرەکانـی جلوبەرگ دەهێننە هەرێمی کوردستان، گرانبونی هەرجۆرە کاڵایەک لـەو وڵاتە کاریگـەری دەبێت لەسـەر کڕیـاران لەناوخـۆی هەرێمی کوردستان.

بەشـێک لەبازرگانـان خوازیـارن کە حکومەتـی هەرێـم هاوکاریـان بێتو پشـتیوانی مادییـان بـکات لەهێنانی کارگـەی دروسـتکردنی قومـاش بـۆ کوردسـتان، لەبەرئـەوەی سـاڵانە پارەیەکی زۆر دەڕواتە دەرەوە بۆکڕینی قومـاش، ئەمەش کاریگـەری خراپی لەسەر ئابوری هەرێم هەبووە.

عەتـا حاجـی ڕەجـەب، ئەندامـی ئەنجومەنی کارگێـڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو بازرگانی قوماش ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە بەملیۆنەها دۆلار دەچێتە دەرەوە بۆ کڕینی قوماش، چینو هیندسـتانو تورکیا سەرچاوەی ژیانـی هەموو کوردسـتانن بۆ قوماش، ئـەو وتی "ئەگەر ئـەو کارگانە بهێنینە کوردسـتان کە قوماش دروست دەکەن، داهاتێکی باش بۆ کوردستانو حکومەت دەگەڕێتەوە، دیارە لەئێسـتادا ناتوانین ئـەو کارگانە بهێنین چونکە پێویسـتی بەتێچونێکی زۆر هەیە، هیوادارم لەچەند سـاڵی داهاتودا بەهـاوکاری حکومەت ئەوکارگانە بهێنینە هەرێمی کوردستان، چونکـە داهاتێکی بـاش دەگەڕێتەوەو هەلیـکاری زیاتریـش بـۆ هاوڵاتیـان دەڕەخسێت".



ساڵانی ڕابردوو هاوڵاتیان خواستیان لەسەر کواڵێتی باشی قوماش بوو، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە



# "لەساڵی ٢٠٢١دا ٣ هەزارو ٥٨٨ تۆن بارە خۆراکو کاڵای بەسەرچوو لەمەرزی باشماخ دەستی بەسەردا گیراوە"

**ئا: ڕێژەن سەردار**

لێپرسـراوی کەرەنتینەی کشـتوکاڵی باشـماخو سەرپەرشـتیاری کەرەنتینە کسـتوکاڵییەکانی سـنوری پارێـزگای سلێمانی، بەهێز عەبدول لەتیف محەمەد لـەم گفتوگۆیـەدا لەگـەڵ "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێت پشـکنین بۆ سەوزەو مێوە بکرێت، سەرجەم مەرزەکان گەڕاوم ئـەو پشـکنیانەی دەکرێت من بەدڵم نیە".



مەرزی باشماخ

**بازرگانیو پیشەسازی:** ئەو پشکنینانە چین کە لەکاتی هاوردەکردنی سـەوزەو میوە لەمەرزی باشماخ ئەنجام دەدرێن؟

**بەهێز عەبـدول لەتیـف:** ئێمە وەکو بەشـی کەرەنتینەی کشتوکاڵی مەرزی باشـماخ ماوەی ١٣ ساڵە کار بەگوێرەی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم دەکەینو بەشەکەمان یەکێکە لەبەشە چالاکەکانی مەرزەکە، ئـەو بابەتە کشـتوکاڵیانەی لەڕێگـەی مەرزەکەوە هـاوردە دەکرێت بەتایبەتی سەوزەو میوە لەژێر چاودێری ئێمەدایە، تەنها پشکنین بۆ ئەو بەرهەمانە دەکەین کە نەچونەتە پیشەسـازییەوەو بە فرێشـی هاوردە دەکرێن. بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەکاتی پێگەیشـتنی بەرهەمی ناوخۆ ژمارەیەک لەسەوزەو میوەکان باجی ئەخرێتە سەرو کۆمەڵێکی تر ڕێگە بەهـاوردە کردنیان نادرێت بەمەبەسـتی پاڵپشـتی کردنی بەرهەمی ناوخۆ کە بەرهەمی ناوخۆ کەم بوەوە وەزارەتی کشتوکاڵ قەدەغە کردنی هاوردەکردنیان لادەبات تاکو لەبازاڕەکانی کوردستان گرانی دروسـت نەبێت. ئەو کەسـانەی دەیانەوێـت سـەوزەو میوە هـاوردە بکەن کۆمەڵێـک ڕێنمای هەیە دەبێت جێبەجێی بکەن، وەکو هەبوونی کۆمپانیایی کشـتوکاڵی یان شـوێنکار لەعەلوەی سلێمانی، لەکاتی هاوردەکردنی سەوزەو میوە بەگشتی پشکنینی فیزیایی بۆ دەکرێت، سـەیر دەکەین بزانین لەناو چیدا پاکێجینی بۆ کراوە؟ سـندوقەکەی تەختەیە یان پلاسـتیک یان تەپەدۆر؟ بۆ ئەمەش ڕێنمایی تایبەتمان هەیە، بۆ نمونە ڕێگە نادەین سـێو لەناو سندوقی تەختـە هـاوردە بکرێت، یـان پەتاتە نابێت لەنـاو گوێنی داخراو بێت، ئەبێت شـەبەکە بێـت، نابێت پەتاتـە خۆڵی پێوە بێت، ئەبێت جوان شـۆرابێتەوەو پاکرابێتـەوە لەبەرئـەوەی خۆڵی پێوە بێت زوو چەکەرە دەکاتو خراپ دەبێت. پشـکنینی فیزیایی ڕەنـگو بۆنو تامو کێشو قەبارەی بەرهەمەکان دەکرێتەوە. پشکنینی مێروشمان هەیە، کاتێک مێرو لەوڵاتێکدا بڵاودەبێتەوە ئێمە ڕێگە نادەین بەرهەمی ئەو وڵاتە هاوردەی کوردستان بکرێت، ئەگـەر پەتاتەیەک یەک مێروی پێـوە ببینین لەکاتی پشـکنینی ڕەتی دەکەینەوەو ڕێگە نادەین هاوردە بکرێت، ئێمە کێشـەکانمان لەگەڵ ئێران سـێوو شـوتییە، هەمیشـە ڕێنمایی هاوڵاتیان دەکەین میوەکان لەوەرزی خۆیاندا بخۆن نـەک لەوەرزەکانی تـردا، چونکە ئەو شوتیەی لەوەرزی زستاندا لەبازاڕەکاندایە بەنیتراتو سەمادو دەرمان بەرهەمهێنراوە ئەمەش کێشەیە بۆ ئێمە، لەبەر قەبارەو ڕەنگی شـوتییەکان ئاسایی نیە، ڕەنگو تامی گـۆڕاوە ناچارین ڕەفـزی بکەین بۆیە زۆربـەی ئەو بارانەی ڕەفز دەکرێن شـوتیو سـێون، بەڵام خۆشـبەختانە لەساڵی ٢٠٢١ کەمتر بوو، هۆکارەکەشی نادیارە. کێشـەیەکی ترمان پیازو سیرە کـە بەهۆی خـراپ کۆگاکردنەوە کەڕوو دەکەن، ئەمانەش ڕەفز کراون. بابەتێکی دیکە وشکەیە کە بریتییە لەچەرەساتو بەهـاراتو باقلەمەنیـەکانو هەنگویـن ئەگەر چوبێتـە کارگـەکان پەیوەندی بەئێمەوە نیە، ئەگەر بەفرێشی بێت ئێمە پشـکنینی فیزیایی بـۆ دەکەین لەگەڵ پشکنینی مێروو. بابەتێکی دیکە عەلەفە کە دەبێت شەهادەی مەنشەو شەهادەی تەندروسـتیو لەیبڵی تەواو بێتو پێنج مانگـی مابێـت بۆ بەسـەرچوون، ئەم بەشە زیاتر کێشەی لەیبڵی هەیە، ئەگەر کێشـەی نەبوو دەینێرین بۆ کۆمپانیای ڕەزگە پشـکنینی بۆ دەکەن کە دەبێت لەگەڵ ڕێنماییەکانـی حکومەتی عێراق گونجاو بێت.

**بازرگانـیو پیشەسـازی:** باسـت لەپشکنینی فیزیایی کرد ئەی پشکنینی نیتـراتو مایکـرۆ بایلۆجـی لای ئێوە ناکرێت؟

**بەهێـز عەبـدول لەتیـف:** لەڕێگەی کۆمپانیـای ڕەزگـەوە پشـکنینی بەکترۆلۆجـیو کیمیاییـو لەیبـڵ بۆ بەرهەمەکان دەکرێت، ئەوان بڕیار دەدەن بەرهەمەکە شیاوە بۆ خواردن یان نا.

**بازرگانیو پیشەسازی:** بنەتۆو هاوردە دەکرێت؟

**بەهێـز عەبـدول لەتیـف:** نەخێـر بەگوێرەی یاساکانی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقو کوردستان هاوردەکردنی بنەتۆو قەدەغەیـە، تەنها لەدەروازەی سـنوری ئیبراهیم خەلیلو فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانیو بەغدا هاوردە دەکرێت.

> ”
> **لەڕووی خزمەتگوزارییەوە داماوترین فەرمانگەی حکومەتی هەرێمین، ١٣ ساڵە لەناو کابینە کارەکانمان ڕایی دەکەین، لەم شەوە ساردانەی زستان کارەبا دەکوژێتەوە ئێمە لەناو کابینەداین**

**بازرگانیو پیشەسـازی:** ڕێنماییەکانتان چییە بۆ هاوردەکردنی سـەمادو قڕکەرو بۆتاس؟

**بەهێز عەبدول لەتیف:** قڕکەر بەهەموو شـێوەیەک قەدەغەیە هـاوردە بکرێت، لیژنەیەکـی تایبـەت بەقڕکـەر هەیـە لەبەڕێوەبەرایەتی کشـتوکاڵی سلێمانی کـە سەرپەرشـتیو چاودێـری دەکات، لای ئێمـەوە قڕکـەر بەهیچ شـێوەیەک نایـەت، بێتـە مەرزەکـەش دەیگرینو دەیگەڕێنینـەوە بۆ ئـەو وڵاتەی لێوەی هاتـووە، چونکـە قڕکەر مەترسـیدارە بۆ ژیانـی مـرۆڤ، حکومەتـی عێراق ساڵانە لیسـتیک دەردەکات لەبارەی ئەو قڕکەرانەی مەترسین بۆ سەر تەندروستی مـرۆڤ، هەر کەسـێک بیەوێـت قڕکەر هاوردە بکات دەبێت مۆڵەت لەحکومەتی عێراق وەربگرێت. ڕۆژانە دەسـت بەسەر بـاری قاچاخدا دەگرین کـە دەیانەوێت قڕکەر بەنایاسـایی هاوردەی کوردستان بکەن کەهۆکاری یەکەمن بۆ توشـبوون بەنەخۆشی شێرپەنجە.

**بازرگانـیو پیشەسـازی:** بەپێـی زانیارییـەکان پەتاتـەی ئێرانی ڕێژەی نیتراتی زۆرەو لیمۆی تورکیش لەوڵاتانی ئەوروپـا ڕەفز کراوە لەبەر تەندروسـت نەبونـی، بـەڵام ئێسـتا هەنـاردەی کوردستانو عێراق دەکرێن ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**بەهێـز عەبدول لەتیـف:** زۆربەی ئەم دەنگۆیانە لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە نیە، لیمـۆی تورکـی بەڕێژەیەکی کەم دێـت بـەڵام ئێـران دەیکاتە کیسـەی ئێرانـیو دەڵێن بەرهەمـی ئێرانە، لای ئێمە لەپشکنین دەرچوە، هەندێک تەنها کێشەی بەسـتەبەندی هەیە، ڕێنماییان پێدەین. ئەگەر ڕاسـتگۆ بـم لەگەڵتان ئێسـتا ئێمە تەنها پشـکنینی فیزیایی بۆ دەکەیـن، لەگـەڵ کۆمپانیای ڕەزگە گفتۆگۆمـان کـردوە داواکاریـن لێیان سەوزەو میوە بکەنە پشکنینی تاقیگەوە، تا مـادەو پێکهاتەکانی سـەوزەو مێوە بەوردی بزانین، بەکـوردیو کورتیەکەی دەبێت سەوزەو میوە پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێـت بەسـتاندارە جیهانییەکان، زۆر پێویستیشە پشـکنینی ورد بۆ ئەو سەمادو دەرمانە کشـتوکاڵیانە بکرێت کە نوسینگە کشـتوکاڵیەکان هاوردەی دەکـەن، چونکە ئەوەش وەکو سـەوزە میوە وایـە دەدرێتە جوتیارانو لەڕێگەی بەرهەمی جوتیارانیشەوە دەچێتە لەشی مرۆڤەوە، هـەوڵ دەدەین بەزوترین کات ئەم پشـکنینانە بخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** چ شتێک ڕێگرە لە ئەنجامدانی ئەو پشکنینانە؟

**بەهێز عەبدول لەتیف:** ئەو پشـکنینانە کاتی دەوێت، کاتژمێریک یان دوو کاتژمێر جاری واهەیە ڕۆژێک دەخایەنێت، شۆفێران کێشەی سـەرەکینو چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکان ناکەن، ئێستا بۆ پشکنینی فیزیایی کە ٢٠ خولەکی دەوێت شـۆفێر دەیـکات بەهـەرا، جا وەرە پشـکنینی تاقیگـەی بۆ بکـەو بارەکەشـی ڕەفز بکرێـت، ئەم کارە هاوکاریو هەماهەنگی چەنـد وەزارەتێکـی حکومەتی هەرێمی پێوسـتە دەبێـت میکانزمێـک دابنێن. من خۆم لەوڵاتی ئـوردن خولم بینیوە، لەوێ بەتوانایەکی زۆر کەمو پێداویسـتی سـادە توانیویانە کواڵێتییەکی باش بۆ خۆیان دابنێن. من جەخت لەسـەر ئەوە دەکەمەوە کە دەبێت پشکنین بۆ سەوزەو مێوە بکرێت، سەرجەم مەرزەکان گەڕاوم ئەو پشـکنیانەی دەکرێت من بەدڵم نیە، لەئێسـتادا پشـکنینی برێکست ئەکرێت کە شتێکی سادەیە، پێویستە پشکنینی جینات بۆ سـەوزەو میوە بکرێت لەگەڵ پشکنینی کیمیاییو ڕێژەی نیترات.

**بازرگانیو پیشەسـازی:** ئەو سـەوزەو میوانەی لای ئێوە لەپشـکنین دەرناچن چی لێدەکرێت؟

**بەهێـز عەبـدول لەتیف:** هـەر بارێک لەپشـکنینی فیزیایـی دەرنەچێـت خاوەنەکـەی بانگ دەکەیـن پێیدەڵێن دەیگەڕێنیتـەوە یاخـود لەناویدەبەی، خۆشـبەختانە زۆربەی دەگەڕێنرێتەوە، ئەگەر بڵێـت لەناوی دەبەم ڕسـوماتی لێوەردەگیرێـت، بەڵام ئەمـە باش نیە بۆ ژینەگەو مەترسیشـە بۆ سـەر ژیانی ئـەو کارمەندەی لەناویدەبـات، لەڕووی کشتوکاڵیشەوە کێشەیە زۆرجار مێرویەک لەکاتی لەناوبردنی دەربچێت زیانی گەورە لەکەرتی کشـتوکاڵ دەدات، جاری واش هەیە خاوەن بـارەکان ناچـار دەکەین بارەکە لەناوبەرێت لەبەرئەوەی دەیباتەوەو بەبارهەڵگرێکی تر ئەیهێنێتەوەو دووبارە دەستی بەسەردا دەگرینەوە ئەمە کێشەیە بۆمـان، یان زۆر جار گازو مادەی قڕکەر کە هەوڵ دەدرێت بەقاچـاخ لەناو باری سەوزەو میوە هاوردە بکرێت کە دەستی بەسـەردا دەگرین سـەوزەو میوەکەش ناچارین لەناوبەریـن، چونکە ئەگەر ئەو مادەیە بەری کەوتبێت مەترسییە بۆسەر ژیانی مرۆڤ، لەسـاڵی ٢٠٢١دا ٣ هەزارو ٥٨٨ تۆنو ١٤٥ کیلۆ بار لەمەرزی باشماخ ڕەفز کراوە. لـەڕووی خزمەتگوزارییەوە داماوترین فەرمانگەی حکومەتی هەرێمین، ١٣ سـاڵە لەناو کابینە کارەکانمان ڕایی دەکەین، لەم شـەوە سـاردانەی زستان کارەبا دەکوژێتەوە ئێمە لەناو کابینەداین، قورسـترین ئەرکو پڕ سەرئێشـەترین ئەرکمان لەسەر شانە، هەمیشە ئەگەری توشـبون بە نەخۆشیمان هەیە، لیژنەی وەزارەتـی دارایـی سـەردانی کردوین پێمانوتـون وەزعمـان ئاوایـە گوێیان نەداوینەتێ، پێمان پێکەنیونو نایەن بە دەمانەوە، کارمەندمان هەیە تەمەنی هەیە لەکاتی ئەرکدا لەسەر بارهەڵگر کەوتۆتە خوارەوە بەدەفتەرێـک دۆلار کە قەرزی کردوە، قاچی چاک نەبۆتەوە.

## پارکی ئازادی لەسەربازگەیەکی تۆقێنەرەوە بۆ دڵڕفێنترین شوێنی گەشتیاری

پارکی ئازادی کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری سلێمانییەوەو ئێستا شوێنی کات بەسەر بردنی خێزانەکانو هاوڵاتیانو منداڵانو عاشقانە، ساڵانێکی زۆر لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعس سەربازگەیەکی توقێنەرو شوێنی کوشتاری ئازادیخوازان بووە، بەتایبەتی لەحوزەیرانی ١٩٦٣دا کە ژمارەیەک لەرۆڵە دڵسۆزەکانی شار لەم شوێنەدا شەهیدکران کە بە"شێوی مەرگ"و "حامیەی سلێمانی" ناودەبرا.

دوای راپەرینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١و ئازادکردنی کوردستان، بەفەرمانی مام جەلال لەساڵی ١٩٩٤دا "شێوی مەرگ"و "حامیەی سلێمانی" کرا بەباخچەی ڕازاوەو یاریگەی منداڵانو سەکۆی ئازادو شوێنی سەیرانو وەرزشو ریستۆرانتی گەشتیاری بۆ هاوڵاتیانو بۆ ڕەوانشادی گیانی ئەو شەهیدانەش ناونرا "پارکی ئازادی".

روبەری پارکی ئازادی ١٧٦ دۆنمە، ١٢٤ دۆنمی تەرخان کراوە بۆ سەوزایی، لەرۆژانی ئاساییدا بەتایبەتی لەوەرزەکانی بەهارو هاویندا ٤ بۆ ٥ هەزار کەس سەردانی ئەم پارکە دەکەن.

لەپارکی ئازادیدا، سەکۆی ئازادو گۆڕەپانی یاری سکێتو چوار گەراجو یانەی کۆمەڵایەتی شارو ریستورانتەکانی دیوانو ڕێوانو فرۆشگاو کافتریاکانو ٥ کۆشکو باخچەی پەیکەرو پەیکەری خۆشەویستیو یاریگای منداڵانو مەزارگەی شێرکۆ بێکەسو مەزارگەی ٩ی چوار گەراجو یانەی کۆمەڵایەتی شارو ریستورانتەکانی دیوانو ڕێوانو فرۆشگاو کافتریاکانو ٥ کۆشک لەناو پارکی ئازادی هەن.

پارک لەهەر شوێنێکی دنیادا جێی خۆشگوزەرانیو جوانیو رازاندنەوەی شارو شارۆچکەکانە، هاوکات شوێنی کات بەسەربردنو گەشتیارییە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە پارکەکانی سلێمانی بەگشتیو پارکی ئازادی بەتایبەتی بێ خزمەتیو وشک بوونی پێوە دیارە، ئەمەش وا لەهاوڵاتیان بەگشتیو حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی ئەخوازێ کە بەتەنگ پاراستنی ئەم پارکەو بەسەوزیی راگرتنییەوە بن.



# پارکی ئازادی.. پارکە بێنازەکەی شار

ئا: ڕێژەن سەردار

**پارکی ئازادی یەکێکە لەجوانترین پارکەکانی شاری سلێمانی، کە بەهۆی هەڵکەوتنییەوە لەناوەڕاستی شاردا، رۆژانە خەڵکێکی زۆر بۆ بەسەربردنی کاتو خەم رەوێنییان سەردانی دەکەن، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی دەڵێت "چوار گەراجو یانەی کۆمەڵایەتی شارو ریستورانتەکانی دیوانو ڕێوانو فرۆشگاو کافتریاکانو ٥ کۆشک لەناو پارکی ئازادی هەن، لەگەڵ یاری سکێت، داهاتەکانیان پۆ حکومەتی هەرێمە بۆ پارکی ئازادی نیە، یەک دینار نایەتە خەزێنەی بەڕێوبەرایەتی باخچەکانەوە".**




کامەران حەمەساڵح عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی بە"بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "لەناو پارێزگای سلێمانی ٦٠٠ باخچەو پارک هەن، لەئێستادا مانگانە بڕی ٢٥ ملیۆن دینارمان بۆ سەرف دەکرێت، دەبێت لەو بڕە پارەیە گاز بکرین، کەلوپەلی شکاوی پێ چاک بکەینەوەو سۆندەی پێ بکڕین، ئەگەر کورسیەک یان مزخەیەکی ناو باخچەکان بشکێت دەبێت لەو پارەیە بیگۆڕین، لەساڵانی پێش ٢٠١٤ دۆخەکە باشتر بوو، قەیران نەبوو بودجەمان ساڵانە ٣ ملیار دینار بوو، ئێستا ساڵانە یەک ملیارو ١٠٠ ملیۆن دینارە".

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کەمی بودجە کاریگەری هەبووە لەسەر خزمەتکردنی باخچەکان، ئەو وتی "کەمی بودجە بەڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە، ئەگەر نەتوانین کورسیەک بشکێت چاکی بکەینەوە یان سیانەی بکەین یان خەتاسی تازە بکڕین وای لێدێت لەپارکەکان تەنها دارو درەختو چیمەن دەبینرێت، خزمەتکردنی پارکەکان پێویستی بەپارەو بوجە هەیە، لەئێستادا بودجەی ئێمە سنورداره، ناتوانین زیادی بکەین، لەبەرئەوە داواکارین خاوەنکارانو بازرگانانی شاری سلێمانی هاوکارمان بن".

وتیشی "ئێمە سەر بەشارەوانین ئەبێت ئەوان مشوری ئەم دۆخە نالەبارە بخۆن، بەڵام شارەوانیش مشوری قیر بخوات، کۆنکرێت بخوات، بۆیاخی شەقامەکان بخوات، فریای ئێمە بکەون، شارەوانی خۆشی بودجەکەی کەمە".

بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی ئەوە روندەکاتەوە کە کێشەی کەمی کارمەندیان هەیە، ئەو وتی "ئێمە لەساڵی ٢٠١٤وە ژمارەی باخچەو پارکەکانمان کەم کردۆتەوە، ناتوانین باخچەی تر دروست بکەین، لەبەرئەوەی میلاکی هەموو باخچەکانی سلێمانی بەپارکەکانەوە ٦٥٠ باخەوانە، پارکی ئازادی تەنها ٣٠ باخەوانی هەیە".

وتیشی "لە ماوەی ڕابردوودا ڕێکخراوی"GIZ"ی ئەڵمانی هاوکاری باخچەکانی دکردووە، ئەو ڕێکخراوە کرێکارمان بۆ دەگرێت بۆ پاکردنەوەو کێڵانو خزمەتکردنی باخچەکان، تاکو ئێستا بەردەوامە بەڵام کەمی کردوە و



ساڵانە دوو سێ جارە".

کامەران ئاماژە بەوەش دەکات هۆکار زۆرن کە وایانکردووە پارکی ئازادی بێ خزمەتی پێوە دیار بێت، ئەو وتی "ماوەیەک لەمەوبەر نوسینێک بڵاوکرایەوە کە گوایە لەبەڕێوەبردنی پارکی ئازادیدا کەمتەرخەمی هەیە، بەڵام شتەکان ئاوا نینو قسەی زۆر ناڕەوایە، بەداخەوە کورسییەکانو یارییەکانی ناو پارکەکە لەلایەن هەندێک هاوڵاتی نابەرپرس دەشکێنرێت، ئەم حاڵەتە مانگانە دووبارە دەبێتەوە، لەئێستادا هەندێک لەهاوڵاتیان وایان لێهاتووە داری ڕاگرەکانمان دەبەن، ئێمە ساڵانە گڵ دەکەینە ناو باخچەکان، ئەم ساڵ ٩٠ گەڵابە گڵمان تێکردوە، کە ئەمە دەبێتە خۆراک بۆ چیمەنەکان، لەچەند رۆژی ڕابردوودا باران گڵەکەی ڕامالّی بوو بۆ سەر شەقامەکانی پارکەکە، بەهۆی پشوی فەرمی سەری ساڵاوە نەتوانرابوو پاک بکرێتەوە".

وتیشی "ئەو کورسیانەی شکاوە بەشێکی لەلایەن ئێمەوە چاک دەکرێتەوە، بەشێکی دیکەی هاوڵاتیانی دڵسۆزی سلێمانی چاکی دەکەنەوە، ئەو کەسەی نوسینەکەی بڵاوکردەوە ئەگەر دڵسۆزی پارکی ئازادی بوایە خۆی کورسیەکەی چاک دەکردەوە کە ١٥ هەزار دیناری تێدەچێت، یارییەکانی ناو پارکی ئازادیش بۆ هەمیشە نین ئەڵدەوەشێن، دەبێت سیانە بکرێن لەئێستادا سەرقاڵی سیانە کردینو یارییەکان چاک دەکەینەوە".

بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی ئەوە روندەکاتەوە کە ڕێوشوێن دەگرنە بەر دژی ئەو کەسانەی لەپارکەکان کورسی دەشکێننو سیمای باخچەکان دەشێوێنن، ئەو وتی "بەدڵنیایی زۆرجار ئەو کەسانە دەستگیر دەکرێنو غەرامە دەکرێن، بەڵام بەپێی ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم پارەی ئەو غەرامە کردنانە نایەتە خەزێنەی ئێمەوە وەکو بەڕێوبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی، بەڵکو دەچێتە ناو خەزێنەی حکومەتەوە".

سەبارەت بەهۆکاریی بێ خزمەتیی دەریاچە دەستکردەکانی ناو پارکی ئازادی، کامەران وتی "ئەو دەریاچانە لەوەرزی بەهاردا ئاویان تێناکرێت، چونکە بیرەکانمان ئاویان تێدا نیە، ساڵی ٢٠٢١ کارێزەکانیشمان وشکی کرد بەهۆی وشکە ساڵییەوە کە دیاردەکە کوردستانو عێراقو زۆرێک لەوڵاتانی جیهانی گرتەوەو لەدەسەڵاتی کەسدا نەبوو، تیمەکانی ئێمە دەریاچەکەیان پاک کردۆتەوە ئاوی تازەیان تێدەکرێت".

سەبارەت بەوەش کە لەناو پارکی ئازادیدا ژمارەیەک گەراجو ریستورانتو کافتریاو فرۆشگا بەکرێ دراوە بۆچی داهاتەکانیان ناخرێتە خزمەتی پارکەکە، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی وتی "داهاتەکانیان بۆ پارکی ئازادی نیە، وەکو چۆن کۆشکی سەر شەقامەکان دراوە بەکرێو داهاتەکەی دەچێتە خەزینەی شارەوانی سلێمانییەوە، چوار گەراجو یانەی کۆمەڵایەتی شارو ریستورانتەکانی دیوانو ڕێوانو فرۆشگاو کافتریاکانو ٥ کۆشک لەناو پارکی ئازادی هەن، لەگەڵ یاری سکێت، داهاتەکانیان پۆ حکومەتی هەرێمە بۆ پارکی ئازادی نیە، یەک دینار نایەتە خەزێنەی بەڕێوبەرایەتی باخچەکانەوە".

## مۆنیمێنتەکەی شەهیدانی ٩ی حوزەیران وێرانە

پارکی ئازادی کە ناوەکەی وەک ڕێزلێنانێک بەناوی ئەو پۆلە شەهیدەوە ناونراوە کە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لەم شوێنەدا شەهید کرانو پاش دروستکردنی پارکەکە لەبەشی سەرەوەیدا مۆنیمێنتێکیان بۆ دروست کرا، ئێستا بێنازترین شوێنی ئەم پارکەیە، ناوی شەهیدەکانی مۆنیمێنتەکە تەواو کاڵ بونەتەوەو تەنانەت بەشێکیشیان سڕاونەتەوەو بەردەمەکەشی پڕە لەخۆڵو خاشاکو وێرانە.



## پارک بەدەست ئاهەنگی دەرچوانی زانکۆوە فەوتاوە

پارکی ئازادی کە ساڵانە دەبێتە شوێنی دەیان فیستیفاڵو پێشانگاو ئاهەنگی دەرچوانی زانکۆو هەڵمەتی هەڵبژاردنی حیزبەکانو بۆنەی جیاوازی هاوڵاتیان، لەدوای خۆیانەوە بەئەندازەیەک پاشماوەو قوتوی ساردیو بتڵە ئاوی بەتاڵو پلاستیک بەجێدەهێڵن کە مایەی شەرمە، پارکێک بەو ئەندازەیە جوانو رازاوە بێت بەوجۆرە ناشارستانییە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.



## ئاڵاکەی کوردستان شڕ بووە

لەناو پارکی ئازادیدا ئاڵایەکی گەورە دەشەکێتەوە، بەڵام زۆربەی کات بەهۆی ئەوەی درەنگ ئاڵاکە نوێ دەکرێتەوە، لەبەر بارانو رەشەبا یان گەرمای خۆرەتاودا، ئاڵاکە شڕ دەبێتو دیمەنێکی دزێو بەپارکەکە دەبەخشێت، ئەمە جگە لەوەی لەبەهاو گرنگی ئاڵاکەش کەم دەکاتەوە، کە رەمزو شانازی وڵاتو میللەتێکە هەمیشە بۆ ئازادی تێکۆشاوە.



## دەریاچە دەستکردەکانی بۆنیان کردووە

دوو دەریاچەی دەستکرد لەناو پارکی ئازادیدا هەن، زۆربەی کات هاوینان یاخود پایزو زستانیش بەهۆی وشکەساڵییەوە برێکی کەم ئاویان تێدا دەبێت، ئەمەش وادەکات حەوزی ئاوەکە زۆر پیس دەربکەوێو بۆن بکات، بۆیە ناو بەناو پاکردنەوەی ئەم دوو دەریاچەیە کارێکی هێندە سەخت نییە کە ئاوەکە روون دەبێتەوەو بۆنە ناخۆشەکەشی نامێنێت.



## پەیکەرەکانی باخچەی پەیکەر تێکدراون

لەبەشی خوارەوەی پارکی ئازادیدا، کۆمەڵێک پەیکەر بۆ نوسەرو هونەرمەندان دروست کراون، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەم پەیکەرانە جگە لەوەی بەناڕێکی دانراون، بەشێکی زۆریان شکێنراون یان دەستو دەموچاویان شێوێندراوەو رەنگو ناوەکانیان بەسەر پەیکەرەکەوە نەماوەو تەواو کاڵبونەتەوەو هەشیانە هەر ناناسرێنەوە.



## ئامێرە وەرزشییەکانی شکێنراون

پارکی ئازادی هەمیشە شوێنێک بوە بۆ ئەنجامدانی وەرزش، بەتایبەتی دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوڵاتیان زیاتر رویان تێکرد بۆ پیادەڕەوی. ئەوەی جێی سەرنجە چەند ئامێرێکی تایبەت بەوەرزشکردن وەک کورسییەکانی ناو پارکەکە بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆرە بەکاردێن لەکارکەوتون، یاخود شکێنراون، لەبەرئەوە پێویستیان بەگۆڕین یاخود نۆژەن کردنەوەیە.



## سەگەکانی شەوان جێی مەترسین

لەناو پارکی ئازادیدا ژمارەیەکی زۆر سەگی برسیو بەڕەڵا هەن، بەشێک لەو هاوڵاتیانەی شەوان بەتایبەتی شەوانێکی درەنگ بەو پارکەدا تێپەڕیون یان لەکافتیریاکانی بەرەو ماڵ گەڕاونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە روبەڕووی پەلاماری ئەم سەگانە بونەتەوە یان بینیویانە پەلاماری خەڵکیان داوە، بۆیە داوا لەشارەوانیو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن لەوێ دوریان بخەنەوە.



## دارەکانی وشک بوون

بەشێکی بەرچاو لەدارەکانی پارکی ئازادی بەهۆی نەبونی خزمەتو وسکەساڵییەوە ئەمساڵ وشک بوون، زۆرێک لەم دارانە کە پارکی ئازادییان رازندوەتەوە وەک پێویست خزمەت ناکرێن، ئەمە جگە لەوەی بەشێک لەهاوڵاتییان نابەرپرسانە دەیانشکێنن، لەکاتێکدا بەبێ ئەم دارانە کە هەندێکیان تەمەنیان چەند ساڵێکە پارکی ئازادی جوانییەکەی لەدەست دەدات.




## گۆڕەپانی سکێتەکە گۆڕەپانی زۆرانبازییە

پارکی ئازادی جگە لەوەی کە کێشەی کارەباو کەوتنی بەشێک لەعامودەکانو سیانە کردنی شۆستەکانو پیسیو پۆخەڵی تەوالێتەکانی هەیە، هاوکات گۆڕەپانی یاری سکێتەکە بەهۆی نەبونی چاودێرییەوە بوەتە گۆڕەپانی ململانێی چەند گروپێکی گەنجی جیا جیا، بەتایبەتی کەم شەو نییە لەوەرزەکانی بەهارو هاویندا شەڕو زۆرانبازییو راکە راکی گەنجانی تێنەکەوێت.



# کارگەی مافور، کارگەیەکی بەرهەمداری پشتگوێخراو





کارگەی مافور





**ئا: زریان محەمەد**

**کارگەیەک لەشاری سلێمانی بەردەوام کاری تیادا دەکرێت چەندین خانمی دەست ڕەنگین ساڵانێکی زۆرە بێ ماندوبون چنینو ڕستن دەکەن هەرجۆرە وێنەیەکیان پێبدرێت بەخوری دەیچنن، بەباشترین و بەرزترین جۆری خوری.**

ڕزگار عزیز گەلاڵەیی، بەڕێوەبەری بەشی کارگەی مافوری سلێمانی بەرۆژنامەی بازرگانیو پیشەسازی راگەیاند "کارگەی مافور لەشاری سلێمانی لەساڵی ١٩٩٧ دامەزراوە، ئەوکات سەر بەوەزارەتی بازرگانی بوو هەتا ساڵی ٢٠٠٦ بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران لەبەرئەوەی کارەکانی کلتوریە خرایە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان".

وتیشی "کارگەکەمان کاری جۆلایی تیادا دەکرا کە هەموو کارە دەستیەکانی وەک دروستکردنی بەرماڵو شاڵو جاجمو پۆپەشمینو چەندین کاری دیکەو لەبەشی مافور هەموو جۆرە پێوەرێکی مافور دروست دەکرا بەئێستاشەوە، بەڵام ئێستا خاوبونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەهۆی ئەوەی لە ١٥٠ فەرمانبەرەوە ژمارەمان بووە بە ٥٠ فەرمانبەر".

کاری گارگەی مافور پێویستی بەوکەسانەیە کە توانای چنینو ڕستنیان هەیەو خولیایان هەیە بۆ ئەو کارە، بەوتەی بەڕێوەبەری کارگەکە بەشێکی زۆری فەرمانبەرەکانی لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز ماندوو بوونو یاخود بەهۆی نەبونی پاداشتی بەردەوام بۆیان کارەکانیان دەگوازنەوە یان واز دەهێنن یان خۆیان خانەنشین دەکەن، ئەوەش بۆتە هۆی کەمبونی دەستی کار، بەهۆی دانەمەزراندنیشەوە کارەکانمان خاوبۆتەوە لەئێستادا پێویستمان بە ٥٠ فەرمانبەرە بۆمان دابمەزرێنن".

لەبارەی بەرهەمهێنان لەکارگەی مافور، ڕزگار گەلاڵی وتی "بەهۆی قەیرانی داراییو پێنەدانی دەرماڵە تا بیکەینە هاندانو پاداشت بۆ فەرمانبەرەکانمان، هەروەها بەهۆی نەبونی پێشانگاوە تا بەرهەمەکانمان بفرۆشین، وایکردووە کارەکانمان خاو بێتەوەو نەمانتوانیوە سوود لەپێشکەوتنە جیهانیەکان ببینین، ئامێرەکانمان کۆنن هەر هی سەرەتای دامەزراندنی کارگەکەیە، بەپینەو پەڕۆ چاکمان کردونەتەوەو خوری خۆمان هەیە دەتوانین بۆ ماوەی دە ساڵ کاری پێبکەین کە ئێستا بەرماڵو جاجمو پۆپەشمین کاری دروستکردنی تابلۆ بەمافور دروست دەکەین، توانای ئەوەمان نەماوە کە فەرشی سێ بەچوار یان گەورەتر دروست بکەین چونکە کارمەندمان کەمەو توانای کارمەندەکانی ئێستاشمان دیاریکراوە".

لەبارەی بەرهەمی ساڵانەی کارگەکەیان، ئەو وتی "لەئێستادا ئەگەر ساڵێک دیارییبکەین ئێمە دەڵێین ٧٠ بۆ ٨٠ مەتر لەئێستادا بەپێی ئەو توانایەی هەمانە، بەڵام لەساڵانی ڕابردودا زیاتر لە ٢٠٠ مەترمان ساڵانە چنین هەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەمخۆری کلتور لەم وڵاتەدا نیە تەنها چاویان لەسەر کارگەی چیمەنتۆو نەوتە، حەزیان لەو شوێنانەیە کەداهاتی زۆر پەیدا دەکات، هەر بۆیە گەر بەم شێوەیە کارگەکەمان پشتگوێ بخەن مەترسی داخستنی دەبێت و بەرهەمان نابێت".

لەبەرەی دەستکەوتنی خوری، ڕزگار گەلاڵی بەڕێوەبەری کارگەی مافور جەخت لەوە دەکاتەوە "کوردستان خاوەنی مەروماڵاتی زۆرە کە دەتوانین سودی لێوەرگرین، ساڵانی زوو کارگەیەک هەبوو لەکۆیە هەموو خوریەکانی ناوخۆیان دەشۆردەوە، پاشان دەیاننارد بۆ کارگەیەک لەکفری لەوێ ڕەنگ دەکراو ئەیانڕست، پاشان دابەش دەکرا بەسەر ئەو حەوت کارگەیەی لەکوردستان هەیە، لەئێستادا ئەو دوو کارگەیە داخراون".

لەئێستادا کارگەی مافوری سلێمانی لەناو یەکێک لەهۆڵەکانی کارگەی کلتوری سلێمانیدا کاردەکات، لەڕوی گونجاوی شوێنی کارکردنیانەوە، بەڕێوەبەری کارگەکە وتی "شوێنەکەمان گونجاو نیە، لەوەرزی زستاندا زۆر ساردە هیچ برە نەوتێکمان بۆ دابین ناکرێت، فەرمانبەرەکانمان پێویستیان بەگەرمکەرەوە هەیە، لەوەرزی هاوینیشدا زۆر گەرمە، ئەوەش کاردەکاتە سەر کوالێتی خورێکانمان کە پێویستە بەشێوەیەکی تەندروست هەڵبگیرێن، بەڵام لەوەرزی باراندا ئێمە ترسی تەڕبونی بەرهەمەکانمان هەیە لەوشوێنەی تیایدا هەڵگیراون".

وتیشی "کارگەکە لەتوانایدایە باشترین جۆری فەرش دروستبکەن بەکوالێتی بەرزو ڕکابەری بەرهەمە هاوردەکراوەکانی پێبکەن چونکە توانای فەرمانبەرەکانمان زۆر بەرزەو شارەزای تەواویان هەیە ئەو فەرشانەی دروستی دەکەین لەهی بازاڕ کوالێتی بەرزترە، چونکە بەدەست دروست دەکرێت، کارگەیی نیە ئەوەش توانای مانەوەی زۆرترەو درەنگتر خراپ دەبێت، ڕەنگیان تێکناچێت بۆ هەڵگرتنو گواستنەوە لەناو ماڵدا ئاسانترو خۆشترەو هاوڵاتیان دەتوانن بەخواستی خۆیان داوای دروستکردنی فەرش بکەن، بەڵام دەبێت پەلەیان نەبێت".

بەمەبەستی باش کردنی ئەو کارگەیە بەڕێوەبەرەکەی داوا دەکات دەسەڵاتی ئیداریو دارایی بگەڕێتەوە بۆ فەرمانگەکەیانو بیانایەکی تەواو گونجاویان بۆ دابین بکرێتو فەرمانبەری گرێبەستیان بۆ دابمەزرێت لەسەر بەرهەمهێنان موچەیان پێبدرێت.

کارگەی مافوری سلێمانی لەساڵی ١٩٩٧ لە سەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەم کارگەیە بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران خرایە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، بەهۆی قەیرانی داراییەوە کرێکارەکانی ئەم کارگەیە لە١٥٠کرێکارەوە بۆ ٥٠ کرێکار کەمبووەتەوە.

> **ئامێرەکانمان کۆنن هەر هی سەرەتای دامەزراندنی کارگەکەیە، بەپینەو پەڕۆ چاکمان کردونەتەوەو خوری خۆمان هەیە دەتوانین بۆ ماوەی دە ساڵ کاری پێبکەین کە ئێستا بەرماڵو جاجمو پۆپەشمین کاری دروستکردنی تابلۆ بەمافور دروست دەکەین**



# لەکوردستان چی کراوە بۆ بەهێز کردنی ئاسایشی خۆراک؟

## گفتوگۆیەک لەگەڵ پسپۆڕێکی زانستی خۆراک

> **لەئێستادا زانایان باس لەمەترسی گرانبونی خۆراکو کەمبونەوەی بەرهەمهێنان دەکەن، پێویستە کوردستان پلانو بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێتو سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت کە ئاسایشی خۆراک بەهێز دەکەن**



بەرهەمی ناوخۆ گرەنتی ئاسایشی خۆراکە

**ئا: زریان محەمەد**

**دکتۆر بڕوا خالید، لەکۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتوکاڵیەکانی زانکۆی سلێمانیو پسپۆڕی بواری خۆراک لەم گفتوگۆیەی "بازرگانیو پیشەسازی"دا دەڵێت "بۆ پیشەسازی خۆراک تەنها کردنەوەی کارگە سەرکەوتوو نابێت، گەر پلانی وردی بۆ دانەندرابێتو خوێندنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی نەکرابێت".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** ئاسایشی خۆراک چییە؟

**د. بڕوا:** ئاسایشی خۆراک بریتیە لەبونی توانای ئابوریو کۆمەڵایەتیو فیزیایی بۆ دەستکەوتنی خۆراک لەهەر کاتو ساتێکدا بەمەرجێک خۆراکێکی تەندروستو سەلامەتو بە بەها بێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی تەندروست.

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەهەرێمی کوردستان چی کراوە بۆ بەهێز کردنی ئاسایشی خۆراک؟

**د. بڕوا:** لەهەرێمی کوردستان بەئامارو داتای زۆر ورد هیچمان بەردەست نیە کە چەند کارگەو پڕۆژەو بەنداوو کێڵگە بنیاتنراوەو چەند زەوی کشتوکاڵی ساغ کراونەتەوە یان کێشەکانیان چارەسەر کراوە، یاخود چەند پڕۆژەش شکستی هێناوە، بەڵام ئەوەی ڕۆژانە دەیبینینو گوێمان لێدەبێت کە چەندین پڕۆژەی کشتوکاڵیو بەنداوو کارگە دەکرێنەوە، ئەگەر ئەمانە بەردەوام بنو پاڵپشتی ناوخۆیی هەبێتو تەنها دانانی بەردی بناغە نەبێت، ئەوا لەساڵانی داهاتودا کاریگەری بەرچاوی دەبێتو لایەنی پەیوەندیدار کە حکومەتە گەر گەشتبێتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بودجەیەکی باشترو زیاتر لەوەی ئێستا بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابین بکاتو گرێبەستی ئاست بەرز لەگەڵ وڵاتانی گەشەسەندووی کشتوکاڵی بسازێنێو سوود لەتوانا مرۆییەکانی بواری کشتوکاڵ وەرگرن لەناوخۆدا، بەمەرجێک هەر پڕۆژەیەک کە دەکرێت پێویستە بنچینەی زانستی هەبێتو سوود لەئەزمونو تێزی ماستەرو دکتۆرای کۆلێژە کشتوکاڵیەکان وەربگیرێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** تا چەند پشتیوانی لەکەرتی کشتوکاڵ کراوە بۆ بەهێزکردنی بەرهەمی ناوخۆ؟

**د. بڕوا:** بۆ پشتیوانی لەکەرتی کشتوکاڵیو بەرهەمی ناوخۆ هەندێک کار کراوە وەک ساغکردنەوەی بەرهەم بەڕێژەیەکو ڕاگرتنی نرخو کردنەوەی فستیڤاڵی بەرهەمە ناوخۆییەکان، بەڵام ئەمانە چارەسەری کاتین پێویستە چارەسەی ڕیشەییو بنەڕەتی هەبێت بۆ پاڵپشتی کردنی بەرهەمی ناوخۆیی. کە ئەمەش بەدوو ڕێگا دەبێت یەکەم، ئەرکی سەرشانی خەڵکە واتا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بڕوایان بە بەرهەمی ناوخۆیی خۆمان هەبێت لەکاتی پێگەیشتنو خستنە بازاڕی بەرهەمەکە بەئەرکێکی سەرشانی خۆیان بزانن بیکڕنو بەکاریبهێنن، من زۆرجار ئەوەم وتووە کە باشترین جۆری کوردایەتی پاڵپشتیکردنی جوتیارە بەکڕینو ساغکردنەوەی بەرهەمەکەی. دووەم، ئەرکی سەرشانی حکومەتو لایەنی پەیوەندیدارە کە هەندێک بابەت هەیە باشترە بەیاسایی بکرێتو لەپەرلەمانەوە یاساو ڕێنمایی بۆ دەرکەن بۆ پاڵپشتیکردن، بۆ نمونە لەکاتی زۆربونی هەر بەرهەمێکی خۆراکی لەناوخۆدا پێویستە ڕێگا بەهاوردەکردنی هاوشێوەکەی نەدرێت لەژێر هیچ فشارێکدا لەوڵاتانی دراوسێوە، یان یاسایەکی تایبەت بەپێدانی قەرزی درێژخایەنو کورتخایەن یان دابینکردنی کەلو پەلو ئامێری کشتوکاڵی سەردەمیانە بەشێوەی قیستی درێژخایەن، تێچوەکانو سودەکان لەجوتیارو ئاژەڵدارو خاوەن پڕۆژە وەربگیرێتو بەڕێنمایی دیاری بکرێت کە پێویستە بەردەوام لەلایەن زانکۆکانی کە کۆلێژی کشتوکاڵییان هەیە خولی زانستی بۆ جوتیارانو خاوەن پڕۆژە کشتوکاڵیەکانو خۆراکیەکان بکرێنەوە هەروەها بەگەڕخستنی توانا مرۆییەکان لەناو بەڕێوەبەرایتیە کشتوکاڵیەکان، بۆ نمونە دانانی وێستگەی کشتوکاڵی لەگوندەکان، هەر ١٥ بۆ ٢٠ گوندو وێستگەیەکی کشتوکاڵی هەبێت بۆ وەرگرتنی بەرهەمی ڕۆژانەو هەفتانەو وەرزیانەی کشتوکاڵی وەک شیرو شیرەمەنیەکان یان بکرێتە وێستگەی لەقتوونانو پێچانەوەو بەستەکردن، بەتایبەت ئەگەر حکومەتو وەزارەتی کشتوکاڵ بەشێک لەکارگەکانی خۆراکو پڕۆژە کشتوکاڵیەکان لەژێردەستی خۆیاندا بێتو سەرپەرشتی بکات، کە من بڕوام وایە حکومەتی هەرێمو وەزارەتی کشتوکاڵ کارێکی هەڵە دەکەن کە کەرتی کشتوکاڵی ڕادەستی کەرتی تایبەت دەکەن، چونکە ئەگەر ئیرادەو ئیدارە هەبێتو چاودێریەکی باشی هەبێت، حکومەت خۆی ئەتوانێت بەرهەمهێنان بکات لەسەرجەم بوارە کشتوکاڵیە جیاوازەکانو کەرتی کشتوکاڵ بەتەواوی ببوژێنێتەوەو هەزاران هەلی کارو ئیش بدۆزنەوە بۆ گەنجەکانمانو دەرچوانی کۆلێژەکان.

**بازرگانیو پیشەسازی:** تا چەند گرنگی دراوە بەپیشەسازی خۆراک؟

**د. بڕوا:** پیشەسازی خۆراک لەسەرەتای لەدایکبونیەتی لەکوردستاندا، هەندێک کارگەی پچوکو مامناوەند هەیەو بڕیارە کارگەی گرنگو ستراتیژی وەک ئاردو شەکر بکەونە بەرهەم هێنان، بەڵام تەنها کردنەوەی کارگە سەرکەوتوو نابێت گەر پلانی وردی بۆ دانەندرابێتو خوێندنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی نەکرابێت. ئەوەتا چەندین کارگەی شیرەمەنی کراونەتەوە، بەڵام لەجیاتی بەکارهێنانی شیری فرێش شیری پاودەر بەکاردەهێنن، چونکە خوێندنەوەی وردیان نەبووە کە پێش دروستکردنی کارگەکە چی بکەنو لەکوێ دابندرێتو چۆن کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکەنو چەند هێڵی بەرهەم هێنانی هەبێت، لەکوێ کارگە دابنرێتو لە کوێ دانەنرێت، بۆیە دانانی کارگە پلانی زۆر وردو شارەزایی دەوێت بەتایبەت لەناو وەزارەتەکانی کشتوکاڵو پلاندانان. ئاگادار نیم کەبەڕێوبەرایەتی گشتی پیشەسازیە خۆراکیەکان هەبێت، کە کاری زۆری هەیە هەر لەهاوردەکردنو ناردنە دەرەوەی شتومەکی خۆراکی تا دەگاتە کارگە خۆراکیەکانو پیشەسازیيان بەدەستی بەکاربەر دەبێت لەژێر چاودێری ئەم بەڕێوبەرایەتیە بێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** چۆن هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێت بە خاوەنی بەرهەمی خۆراکی خۆی؟

**د. بڕوا:** کوردستان بەبوژاندنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانو دابینکردنو مشورخواردنی سەرچاوەی ئاو پاڵپشتیکردنی جوتیارانو دابینکردنی بودجەی پێویستو بەزانستیکردنی کشتوکاڵکردنو ئیرادەی کاربەدەستانو هۆشیاری خەڵک ئەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی باشی بەرهەمی ناوخۆی خۆیو بگرە هەندێک بەرهەم بنێردرێتە دەرەوە بەبەردەوامی. بۆ هەر یەکێک لەوانەی وتومە ڕەهەندو شرۆڤەو پلانی خۆی هەیە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** کێشەکانی بەردەم ئاسایشی خۆراک لەهەرێم چین؟

**د. بڕوا:** کێشەکانی بەردەم ئاسایشی خۆراک کەم نین، وەک:

١- نەبونی داتاو ئاماری ورد بۆ دانیشتوانو ڕێژەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانو ڕێژەی هاوردەکردنو ڕێژەی بەفیڕۆچون لەبەرهەمە کشتوکاڵیەکان.

٢- هەبون یان نەبونی کەرەستەی خاو بەدرێژایی ساڵ.

٣- سنوردارنەکردنی بەرهەمی هاوردەو نەتوانینی کێبڕکێ.

٤- نەبونی زانیاری پێویستو ورد لەسەر چۆنیەتی بەرهەمهێنان بەڕێگای مۆدێرنو بەرزکردنەوەی کوالێتی.

٥- لاوازی پاڵپشتیکردنو دەستگیرۆیی جوتیاران.

٦- لاوازی کوالێتیو پاکێجکردنو هەڵگرتنو پاراستنی زۆربەی بەرهەمە ناوخۆیەکان.

٧- کەمبونەوەی پیشەی جوتیارییو کشتوکاڵ کردن.

٨- کێشەی داراییو بەهرەی کارگێڕی.

٩- سوود وەرنەگرتن لەتوێژینەوەی زانکۆکان.

١٠- چارەسەر نەکردنو نەبونی پلان بۆ ئاگر کەوتنەوەو نەخۆشیە کشتوکاڵیەکان.

١١- لەهەمووی گرنگتر کێشەی ناجێگیری سیاسی لەناوچەکەداو کەمبونی ئاوو وشکەساڵی.

ئەمانەو دەیان هۆکاری تر کێشەن لەبەردەم بوونی ئاسایشی خۆراک.

**بازرگانیو پیشەسازی:** زانکۆکان لەکەرتی کشتوکاڵو پیشەسازیدا توانیویانە کەسانی پێویست بۆبازاڕ دابین بکەن؟

**د. بڕوا:** پێمخۆشە کە ئەم بابەتە باس دەکەیت، لەهەر پارێزگایەکی هەرێم ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کۆلێژە کشتوکاڵیەکان خوێندن تەواو دەکەن، بەڵام کەمێکیان کاریان لەپسپۆڕیەکەی خۆیاندا دەستدەکەوێت. ئەوەی لەسەر زانکۆکانە پێدانی زانستو زانیاری تیۆریو پراکتیکیە بۆ ئەم خوێندکارانە، خوێندکاریش بەشێکیان مەبەستیانە تەنها بڕوانامەی زانکۆ بەدەستبهێنن، بەڵام بەشێکی کەمیشیان حەزیان لەکارکردن هەیە لەبوارەکەی خۆیان ئەوانیش دەرفەتیان نیە، بۆ نمونە ئەیەوێت لەبواری کوالێتی کۆنترۆڵدا کار بکات، دانامەزرێن یان لەناو کارگە خۆراکیەکاندا بێت، بەڵام کارگەکان زۆر گەورە نینو پێویستیان بەژمارەیەکی دیاریکراو خەڵک هەیە کە ئەوانیش کەسی نزیکی خۆیان دائەنێن. ئەگەر دەرچووەکان بیانەوێت خۆیان پڕۆژەیان هەبێت ڕەنگە دەستگیرۆیو پاڵپشتی گرەنتییان نەبێت بۆ سەرکەوتن، بۆیە لێرەدا گرنگە بیر لەچارەسەر بکەینەوە بۆ خستنە سەرکاری ئەم خوێندکارانە بەمەرجێک لەژێرچاودێری کەسانی بەئەزموندا بن. لەسەرەتاوە بۆیە ئاماژەم پێدا هەڵەیە کەرتی کشتوکاڵ بدرێت بەکەرتی تایبەت چونکە حکومەت ئەتوانێت سوود لەم توانا مرۆییە ببینێت کە خۆی بودجەی خەرجکردوە بۆ پێگەیاندنی، واتا خوێندکارێک چوارساڵ لەکۆلێژێک دەخوێنێتو حکومەت پێیدەگەیەنێت، بەڵام دواتر فەرامۆشی دەکاتو سوودی لێنابینێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵو زانکۆکان هەماهەنگی تەواویان هەبێت بۆدانانی پڕۆژەو خستنە سەرکاری خوێندکاران بەگرێبەست یان پشک یان هەرجۆرێکیتر کە خوێندکار هەست بەبڕوابەخۆبوون بکاتو دوور نەکەوێتەوە لەپسپۆڕیەکەی. بۆ بەشێکی تری پرسیارەکەت، زانکۆکان بە بەردەوامی لەسەر ئاستی بوارە جیاجیاکانو توێژینەوەو بیرۆکەو تێزی ماستەرو دکتۆرا بەرهەمدەهێنن کە هەر یەکێک لەوانە چارەسەری کێشەیەک دەکات، پێویستە لیژنەیەکی هاوبەش هەبێت لەنێوان وەزارەتەکانو زانکۆکانو بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشە خۆراکیو کشتوکاڵیەکانو دانانی میکانزمی گونجاوو پلانو بەزانستیکردنی کشتوکاڵ، بەتایبەت ڕاوێژکارەکان پێویستە لەهەموو کەس زیاتر بەدواداچونو هەماهەنگیان هەبێت بۆ ئەو بابەتانە. لەئێستادا زانایان لەجیهاندا باس لەمەترسی گرانبونی خۆراکو کەمبونەوەی بەرهەمهێنان دەکەن، پێویستە هەرێمی کوردستان پلانو بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێتو سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت کە ئاسایشی خۆراک بەهێز دەکەن.

# کاریگەری دابەزینی نرخی تمەنی ئێرانیو لیرەی تورکی لەسەر ئابوری هەرێم: سوود یان زیان؟

ئا: ڕێژەن سەردار

**لێکەوتەی رووداوەکانی پاش سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیو جەنگی داعشەوە کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٠وە دەستیپێکرد، وایکرد چەندین وڵات بەدەست قەیرانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەوە بناڵێنن، سەرباری ئەمەش دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەساڵی ٢٠١٩وەو بڵاوبونەوەی بەتەواوی وڵاتانی جیهاندا باری سەرشانی ئەم وڵاتانەی زیاتر قورس کرد، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی هەرەس هێنانی ئابوری چەند وڵاتێک، سەرەنجامیش بەهای دراوی زۆرێک لەوڵاتان بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی هاوسنورن لەگەڵ هەرێمی کوردستانو عێراقدا، تووشی دابەزینێکی زۆر بوون کە لەمێژووی ئەو وڵاتانەدا هاوشێوەی نەبووە.**


تمەنی ئێرانی بەردەوام لەدابەزیندایە

سەبارەت بەکاریگەری ئەم ڕووداوانە بۆ سەر ئابووری هەرێمی کوردستان، یوسف شەریف، ئابووریناس بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "هەموو گۆڕانکارییەکی ئابووی کە لەو وڵاتانەدا ڕوودەدەن کە هاوسنورن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەرمان چونکە عێراقو هەرێمی کوردستان بۆ دابین کردنی زۆربەی پێداویستییە ناوخۆییەکان پشت بەهاوردەی دەرەکی دەبەستن، پێویستە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستی شرۆڤەو ڕێبەری ئەو کارەسات و قەیرانانە بکەن لەسەر وڵات، چونکە دەتوانرێت بەشێک لەو قەیرانە ئابوریانەی لەو وڵاتانەدا ڕوودەدەن وەک دەرفەت سەیر بکرێن بەشێکیشی وەک کارەساتو زیان بۆ سەر ئابووری هەرێم. ئەو وتی "بەنموونە دابەزینی بەهای دراوی ئەو وڵاتانە دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی کاڵاکانیان، سەرەنجامیش ڕێژەی هاوردە زیاد دەکاتو بەرهەمە ناوخۆییە هاوشێوەکانیشمان ناتوانن کێبڕکێی ئەم نرخە هەرزانە بکەنو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەکارگەو ئەو بەرهەمە ناوخۆییانەی کە هەمانە، ئەمەش ئایندەیەکی خراپی دەبێت بۆ بەرهەمی ناوخۆییمان کە لەئێستاشدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زانستیانە ئیدارەی ئەم بابەتە بکاتو ڕێنمای نوێ دەربکات بۆ پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییە هاوشێوەکان. بەدیوێکی تردا دەتوانین وەک دەرفەت سود لەو دابەزینی نرخە وەربگرین کە لەو وڵاتانەدا ڕوودەدەن بۆ هاوردەو هێنانی ئەو کەرەستەی سەرەتاییانەی پێویستن بۆ کارگەکانمانو ئامێرو هێزی کاری شارەزا کە هاوشێوەیان لەوڵاتەکەماندا نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی بەرهەمی ناوخۆیمان".

بەڵام دکتۆر یونس عەلی ئەحمەد، مامۆستای زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەکاریگەرییەکانی دابەزینی بەهای دراوی بیانی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان پێیوایە لەسەر ئاستی جیهان سەرجەم هاوڵاتیان کاریگەرن بەفاکتەرەکانی ئاڵوگۆڕی دراو، بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی دراوێکی سەربەخۆ نیەو دراوی عێراقی بەکاردێت، دراوی عێراقیش کاریگەرە بەسێ جۆری دیکەی دراو، دۆلار زۆر کاریگەری هەیە لەسەر دراوی عێراقی، دواتر دراوی چینی لەبەر ئەوەی بەڕێژەیەکی بەرچاو ساڵانە کاڵاو شتومەک لەچینەوە هاوردەی کوردستان دەکرێت، دراوی وڵاتانی دراوسێش کاریگەری لەسەر دیناری عێراقی هەیە، کە پێشتر سوریاو تورکیاو ئێران بوو، بەڵام ئێستا سوریا بەهۆی جەنگەوە ئابوورییەکەی زۆر لاواز بووە، ناتوانرێت پشت بەهاوردەکردن ببەسترێت لەسوریاوە، زیاتر تورکیاو ئێرانە، لەو دوو وڵاتە هەر گۆڕانکارییەک ڕووبدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر عێراقو کوردستان دەبێت، بەتایبەتی گۆڕانکاری لەنرخی دراو، ئەو وتی "ئابووری هەرێمی کوردستان پێدەوترێت ئابووری بچوک یاخود کراوە واتا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەهاوردەکردن لەوڵاتانەوە، ئەو هاوردەکردنانەش یاخود بەدۆلارە یان بەدراوی ئەو وڵاتانە دەکرێت، لەبەرئەمە هەر گۆڕانکارییەک لەئابووری ئەو وڵاتانە ڕووبدات ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر هاوردەکردنی کوردستان وەکو قەبارەو ئەو کاڵایانەی کە هاوردەی دەکەین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاستی بژێوی خەڵک، لەبەرئەوەی میللەتی ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی دهاتی لەڕێگەی موچەوە دەستدەکەوێت، موچەش ڕەچاوی ئەوە ناکات چ گۆڕانکارییەک لەدراوی وڵاتان ڕوودەدات، تەنها باسی ئابوورییەکی تەندروست دەکات لەناوخۆدا، بۆیە گۆڕانکاری لەبەهای دراو کاریگەری دەبێت لەسەر قەبارەی هاوردەکردنمان لەگەڵ کوالیتیو نرخی ئەو کاڵایانەی کە هاوردەی کوردستان دەکرێت، هەندێک جار بارگرانی دروست دەکات هەندێک جاریش دەبێتە سوود بۆ هاوڵاتیان بەو مەرجەی کە بازرگانەکانمان ئەو کاڵاو شتومەکانە بهێنن کە کوالێتی بەرزەو نرخی گونجاوە".

وتیشی "دراوی چینی یان ئێرانیو تورکی ئەگەر بەرز ببنەوە هاوڵاتیان لای ئێمە زەرەرمەند دەبین، لەبەرئەوەی نرخی ئەو شتومەکو خزمەتگوزارییانەی لەو وڵاتەنەوە هاوردەی دەکەین گران دەبێت، بەڵام ئەگەر نرخی دراوەکەیان دابەزێت ئێمە سودمەند دەبین بەو مەرجەی بازرگانەکان هەلەکە نەقۆزنەوە کە ئەمەش دوو جۆرە، جۆرێکیان شەرعیو یاساییە بازرگانان مافی خۆیانە شتومەک و خزمەتگوزاری هاوردە بکەنو بەو نرخە بیفرۆشن کە خزمەتی ئیشەکەیان دەکات، بەڵام جۆرێکی تری هەل قۆستنەوە هەیە ناشەرعیو نایاساییە کە دراوی وڵاتان دادەبەزێت، بازرگانەکە ئامادە نیە نرخی کاڵاکە دابەزێنێت بەڵکو لەسەر نرخە کۆنەکە دەڕوات، دیاردەیەکی ناشرین هەیە لای ئێمە لەکوردستان کە نرخی کاڵایەک زیاد دەکات سەرجەم فرۆشیاران نرخەکەی زیاد دەکەن، بەڵام کە نرخەکەی دادەبەزێت بەئاسانی نرخی دانابەزێت، بۆ نمونە ئەگەر نرخی گاز یان بەنزین ١٠٠ دینار زیاد بکات کرێی گواستنەوە ٥ بۆ ١٠ هەزار زیاد دەکات، لەم کاتەشدا هاوڵاتیانی کوردستان هەست بەو سوودە ناکات ئەگەر دراوەکانیش دابەزێت".

دکتۆر یونس ئاماژە بەوەش دەکات کە دابەزینی بەهای دراو کاریگەری لەسەر بەرهەمی ناوخۆش دەبێت، ئەو وتی "ئەگەر کارگەکانی کوردستان ئامێرەکان بکڕن قازانج دەکەن چونکە نرخەکەی دادەبەزێت، بەڵام ئەگەر کارگەکان دابەشکار بن شتومەک بهێننو بیفرۆشنەوە کارگەکان زیان دەکەنو ڕووبەرووی داخستن دەبنەوە دەڵێن ناتوانین ڕکەبەری بەرهەمی دەرەکی بکەین، ئێستا لەئێران ئەم حاڵەتە هەیە زۆرێک لەکارگەکان لەکار کەوتونو دەڵێن ناتوانین کێبڕکێ بەرهەمی چینی بکەین، کارگەکانی کوردستانیش وایە تەنها ئەگەر پێداویستی خاوو ئامێر بهێنن سودمەند دەبن لەبەرئەوەی تێچوی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوەخ نرخەکان دادەبەزن".

وتیشی "زۆرجار بازرگانان باس لەوە دەکەن بەهۆی ناجێگیری ڕەوشی ئابوری کوردستانەوە شتومەک بەقەبارەیەکی زۆر هاوردە دەکەن، بەشی چەند مانگێک کاڵا دەهێنن، لەترسی ئەوەی نەک نرخەکانی گران بێت نەک ڕێگە نەبێت وای لێدێت ئەو بازرگانە بەشی دوو ساڵ کاڵا دەهێنێت، هەرچەندە دۆلارو لیرەو تمەن بگۆڕێت ئەم کاریگەری لەسەر نابێت، چونکە پێشتر هاوردەی کردوە، ئامادە نییە کاڵاکانی بەزیان بفرۆشێت، بۆیە زۆر جار دابەزینی دراو هەستی پێناکرێت".

> دراوی عێراقی کاریگەرە بەسێ جۆری دیکەی دراو، دۆلار زۆر کاریگەری هەیە، دواتر دراوی چینی لەبەر ئەوەی بەڕێژەیەکی بەرچاو ساڵانە کاڵاو شتومەک لەچینەوە هاوردە دەکرێت، دراوی وڵاتانی دراوسێش کاریگەری لەسەر دیناری عێراقی هەیە



# لیرەی تورکی دوای شکست و هەڵسانەوەی بەرەو کوێ؟

ئەمرۆ ئیبراهیم

> تورکیا ئەو کاتەی بەهای دۆلارێک بەرامبەر ١،٤ لیرەبوو نەیتوانی لەکاتی دیاریکراو بری قەرزکانی کەم کاتەوە ئێستا کە دولارێک بەرامبەر ١٤ دۆلارە چۆن ئەتوانێ؟!


لیرەی تورکی لەقەیراندایە

دوای نزیکەی سێ مانگی سەخت لە سەر ئابوری و بەهای لیرەی تورکی، ئەردۆغان بە راوێژ لەگەڵ چەندین شارەزا و ئابوریناسی تورک، گەیشتن بە رێگا چارەیەکی پەلە بۆراگرتنی گلۆربوونەوەی بەهای لیرا . بەڵام ئاخۆ ئەم پلانە، چارەسەرێکی بنەرەتی یە یان کاتی یە .ئەوەی راستی بێت ووڵامی ئەم پرسیارە تەنها دوای خوێندنەوەیەک بۆ ئابوری تورکیا روون دەبێتەوە . بەگشتی بنەمای تێگەیشتن لە ئابوری هەر ووڵاتێ لە رێێ نیشانە ئابوریەکانەوە دەبێت، نیشانە ئابوری یەکانیش لە لای خۆیانەوە، کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر بەهای دراوی ئەو وڵاتە، بۆ هەر ماوەیەکی دیاری کراویش، نیشانە ئابوری یەکان گۆرانکاریان بەسەر دێت و لە گەڵ ئەو گۆرانکاریانەش بازار و بەهای دراوو گۆرانکاری بەخۆیانەوە دەبینن، بەو پێیەش، شارەزایانی بواری ئابوری و پسپۆرانی هێڵکاریە ئابوریەکان، راپۆرت و هێڵکاری تەواو ئامادە دەکەن ودەیکەنە بەردەستی، کاربەدەست ودامەزراوە ئابوری یەکان و دەسەڵاتداران . لێرەوە دەسەڵاتی سیاسی کە جڵەوی ئابوری ووڵاتێکی بەدەستە،لە ژێر رۆشنایی یان لەسەر رۆشنایی ئەو راپۆرتانە کاردانەوە و بریاری گونجاو دەردەکەن . بەڵام، تا ئەتوانێت خۆی دوور دەگرێت لە بریارەکانی سیاسەتی بانکی وڵاتەکەی خۆی .چونکە دەبێ جۆرە سەربەستیەکی هەبێت و پەنتاییەکی هەبێت تا بەئازادی پلانی ئابوری ناوخۆ و سەقامگیری بازار و بەهای نرخی دراووی ناوخۆیی دارێژێ . نیشانە ئابوریەکان لەچەند پێکهاتەیەک بێکهاتوون وەک رێژەی نرخی سوود،،هەڵاویسان، رێژەی دەستی کار و بێکاری، رێژەی جولەی بازاری خانوبەرە وعەقار، رێژەی فرۆشتنی بەش وبۆرسە و سەنەدات، کۆی بەرهەمی ناوخۆیی،،رێژەی بەرهەمی هاوردە،، نرخی کانزا ... هتد.

سەرەکی ترین پێکهاتەی نیشانە ئابوریەکانی هەر ولاتێ، رێژەی نرخی قازانجە،، نرخی سوود (سوو) ئەو جیاوازییەیە لە برە پارەی وەرگیراوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوتا کاتی گەراندنەوەی برە پارەکە دیاری دەکرێ .بە واتایەکی تر ئەو برە زیادەیەیە، لە بری وەرگرتنی برێک پارە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوو دیاری دەکرێت .

لە پەنای نرخی قازانجی دیاریکراوودا، هەڵاویسانیش پێکهاتەیەکی سەرەکییە، راستەوخۆ کار دەکاتە سەربەهای دراووی ووڵات .هەڵاوێسان، بەکورتی ئەو دیاردەیەیە کە نرخی شتومەکێ بەرزتر دەبێتەوە بە چەند جارێ لە نرخی پێشووتری لەگەڵ ئەوەی دیاردەی کەمی پارە لەبازاردا نی یە . لێرەدا هاوکێشەیەکی ئابوری هەیە کە گەورە ئابوری ناسەکان لەسەری ئیش دەکەن، ئەو هاوکێشەیەش بەم جۆرەیە، بۆ ئەوەی بەهای دراوێک لە نێوەندێکدا بوەستێ و لە بەرزبونەوەو نزمبونەوە بەدوور بێت، واتا بۆ ئەوەی بەهای دراوێک شێوە جێگیریەک بەخۆیەوە ببینێ دەبێ هاوکێشەیەکی وەک یەکی، هەڵاوێسان و نرخی سود یان نرخی قانزاج بەیەکەوە ببەستێتەوە . هەر کاتێ هەڵاوێسان بەرزبوو دەبێ بانکی ناوەندی ووڵات نرخی قازانج بەرز کاتەوە هەر کاتێ هەڵاوێسان کەم بووەوە دەبێ نرخی قازانج کەم بکرێتەوە،، ئەم هاوکێشەیە، تەواوی ووڵاتانی دنیا لەسەری دەڕۆن و کەم تا زۆر پەرەیان پێداوە، وەلێ هاوکێشەکە بەمانایەکی فراوان هەمان ناوەرۆکی هەیە و بنچینەی سیاسەتی بانکی ناوەندی هەر ووڵاتێک پێکدێنێ .

لەوەتی ئەردۆغان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، تورکیا رێرەوێکی تایبەتی بە خۆی هەیە بۆچارەسەری تەنگوچەڵەمە ئابوری یەکانی، سیاسەتی پینە و لێکدان و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی گرتۆتە بەر، تورکیا لەبەرئەوەی بۆ خۆی خاوەن هیچ کانزایەکی سروشتی ئەو تۆ نییە دەوڵەت بۆ درایی خۆی پشتی پێ ببەستێ، ناچار باج و شتومەکی نێردراو و گەشت و گوزار سێ پایەی سەرەکی سەرچاوەی دارایی دەوڵەتن، واتا ئەگەر خەڵکی و کۆمپانیاکان باج نەدەن، تورکیا نە ئەتوانێ رێگاوبان دروست بکات و نە مەکتەب و خەستەخانەی نوێ ونە فرۆکەخانەی زەبەلاح بکاتەوە . هۆکارێکی تری سستی ئابوری تورکیا ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ٩٦٪ سەرچاوەکانی وزە لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکات، کەوایە بەردەوام پێویستی بە وزە هەیە و بەردەوامیش دەبێ پارەیەکی زۆر بە وزە بدات .ئەم دوو هۆکارە هەمیشە بونەتە خاڵی لاوازی ئابوری دەوڵەتی تورکیا .(هەر بۆیە بچوکترین بری نەوتی بۆریە نەوتەکانی هەرێم گەورەترین هاوکاری دەبێت بۆ ئابوری تورکیا ).

ئەردۆغان بۆ ئەوەی خۆڵ بکاتە چاوی دنیاوە بە هاوڵاتیانی تورکیا خۆشییەوە، لە شوێنێ قەرزی دەکرد تا بتوانێ لە شوێنێکی تر قەرزەکانی سەر دەوڵەت کەم بکاتەوەو پرۆژەی خزمەتگوزاری پێ دروستبکات،، بە هاوکاری راگەیاندنی ناوخۆ و چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک قەتەر،هەڵایەکی گەورەی درۆیینیان بۆ ئابوری تورکیا دروست کرد بە رادەیەک کەس نەبوو باوەری پێنەکات، ئەو بڵقە ئاوەش بە پەرچووی ئابوری ئەردۆغان ناسرا . بەڵام هەرکەسێ کەمێک شارەزایی ئابوری هەبوایەو گەرانێکی ووردی بکردایە، راستییەکانی بۆ دەر ئەکەوت .لەسەروو هەمووشیانەوە،تورکیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ نزیکەی ٢٨٤ ملیار دۆلار قەرزار بوو، بە چ پێوەرێک لە ساڵی ٢٠١٤ دەدا قەرزی سندوقی نیودەوڵەتی دراوی دایەوە .بە کورتی لەبەر ئەوەی قەرزی دەوڵەتی کردە سەر بانکەکانی کەرتی تایبەت بە بری قانزانجێک کە دەوڵەت دەیداتەوە بە کەرتی تایبەت .هەر بۆیە ئەو کرانەوە ئابوری و جولە دارایی یەی هەموو جیهانی گرتەوە تورکیاشی گرتەوەو راگەیاندن کردیە بنچینەیەک بۆ هەڵایەکی گەورەتر لە بەرژەوەندی ئەردۆغان، بێجگە لەوەش ئەردۆغان سودی لەو یارمەتی ەی یەکێتی ئەوروپا وەرگرت (هەر ووڵاتێ کاندیدی هاتنە ناو یەکێتی ئوروپا بێت، یارمەتی دەدەن تا ژێرخانی ئابوری و دەزگای هاوشێوەی دەوڵەتەکانی تری هەبێت تا لەسەر پێی خۆی راوەستێ)و بەشێک لە قەرزی کەڵەکە بووی لەسەر خۆی سوک کرد کە لە ناوخۆ وەریگرتبوو. ئاسان کاری کرد بۆ وەرگرتنی قەرزی پیشەسازی بچوک و مامناوەند و لە میانی چەند پەیوەندیەکی سیاسی نێودەوڵەتیەوە ئاسانکاری کرد بۆ هاوردەوهە ناردەی کاڵای تورکی بەو پێ یەی کە قەرزی سندوقی نێودەوڵەتی دابوەوە رەزامەندی بۆ هەندێ ئاسان کاری کرابوو. لە لایەکی ترەوە چەندین بەرەی جەنگی ئامادەکرد لە سوریا و لیبیا و عێراق و چەندین بنکەی فراوانی ئامادەکرد لە ووڵاتانی کەنداوو سودان ...هتد. لێرە وەک دەوڵەتێک خۆی نیشاندا کە بێ ئەو نەکردەیە کە باس لە چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە بکرێ یان بێ پرسی تورکیا نەکردەیە چارەنوسی ئەو ناوچانە تاوتێبکرێ، هەر بەو هۆیەوە چەندین جار بۆ قانزاجی خۆی مامەڵەی لەسەر خاک وخەڵکی دەرەوەی تورکیا دەکرد دوور لە هەموو بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیەکان. ئەم جموجۆڵانە متمانەیەکی دا بە ئابوری تورکی . بەڵام لە لایەکی ترەوە سیاسەتی پاوانخوازی و ناتەندورستی دەرەوەی تورکی لەجیاتی هیچ کێشە، لەگەڵ هەموو کێشەی دروست کرد . من پێم وایە ئەو هیچ کێشەیە، داخوازیەک بوو بۆ ئابوری ووڵاتیش هەر راست بوو . هیچ کێشە لەگەڵ دەورووبەر وهیچ قەرز لە هەموو لایەک . بەم شێوەیەش سیاسەتێکی تەواو گونجاو دەبوو . بەڵام حەزە نەخۆشەکانی ئەردۆغان ئەم کێشەی لە هەموو لایەکەوە دروست کرد و قەرزەکانیشی زیاتر کرد . ئێستا تەنها قەرزی دەرەوەی تورکیا بە ٤٥٤ ملیار دۆلار دەخەمڵێت و لە زیادبونیشدایە، چونکە نەدانەوەی قەرز لە کات و ساتی خۆی بە بری لەسەر رێکەوتوو، رێژەی سوەکەی چەند جارێ زیاتر دەکات لە قەرزەکە خۆی . تورکیا ئەو کاتەی بەهای دۆلارێک بەرامبەر ١،٤ لیرەبوو نەیتوانی لە کاتی دیاریکراوو بری قەرزکانی کەم کاتەوە، ئێستا کە دولارێک بەرامبەر ١٤ دۆلارە چۆن ئەتوانێ، بەتایبەتی بری یەدەکی دراوی بیانی لە بانکی ناوەند زۆر کەمی کردوە . ئەردۆغان لەماوەیەکی کەمدا هێندە دەستی خستە کاروباری بانکی ناوەندییەوە بەرادەیەک، سێ پارێزگاری بانکی ناوەندی لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا گۆری .دوا ڤێرشنی سیاسەتی دارایی ئەردۆغانی، دیسان بارقورسی یەکی گەورەیە بۆ سەر خەزێنەکانی دەوڵەت ولە ماوەیەکی کورتدا، خراپییەکانی دەر ئەکەوێ، بە پێی ئەم سیاسەتە کە چەند جارێ لە تورکیا پەیرەو کراوە و سەرینەگرتوە .کورتەی ئەو پلانە ئەوەیە کە هاوڵاتیان تەواوی پارە بیانییەکانیان بکەنەوە لیرە ولە بانکەکانی تورکیا مامەڵەی پێوەبکەن و بتمانەیەن بە ئابوری ووڵاتەکەیان بێت . بەڵام لە لایەکی ترەوە دەیان ملیار دۆلاری کردۆتە بازارەوە تا داواکاری لەسەر کەم بێت و بەهای لیرە بەرزبێتەوە . بەوە پێیەش،هەر کەسێ پارە لە بانقەکانی تورکیا بە بری قانزانجێکی دیاری کراوو دابنێ و بەهای لیرە بەرامبەر دۆلار برێکی دیاری کراوو بێت، ئەوە دوای ماوەی دیاری کراوو، هاوڵاتی بری پارەی دیاری کراوو وەردەگرێ و جیاوازی بری پارەکەش ئەگەر کەم بوو ئەکەوێتە سەر دەوڵەت، تەنها بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لیرە لە بانکەکان پاشەکەوت بکەن و مامەڵە بە دراوی بیانی نەکەن. بەڵام تاکو ئەردۆغان بەهای قازانج بەرزنەکاتەوە کە ئیستا هەوڵی نزمکردنەوەی ئەدات، هەڵاویسان کەم نابێتەوە، بەوەش بەهای لیرە تا دێت کەم دەبێتەوەو تادێتیش لیرە لە گلۆربونەوە دەبێت .

## ون بوون

* ناسنامەی بازرگانی "ئەسعەد ئەحمەد سلێمان" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی "عومەر خدر مستەفا" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی " هەڤاڵ عەبدولرەحمان" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی "عوسمان فەتاح" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی "ئەنوەر محەمەد عەبدولرەحمان" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی "مەحمود خدر مەحمود" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

* ناسنامەی بازرگانی "حەیدەر عەسکەر عەلی خان" ون بووە هەر کەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ ژووری بازرگانی.

# لەستایشی ئەخلاقی پیشەییدا: متمانە گرنگترە بۆ بازرگان یان پارە؟



ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

لەدنیای ئەمڕۆدا هەموومان هەست بەحاڵەتێک دەکەین کە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی باو، ئەویش نەمانی ئەخلاقی پیشەییە. بەمەرجێک هەموو پیشەیەک زیاد لەهەر شتێک بۆ بەدەستهێنانی متمانەو ناوبانگ دەرکردن بەباشیو پێکەوەنانی سەرمایەی مەعنەویان پێویستییان بەجۆرێک لەبەرپرسیارێتی مرۆییو ویژدانیو پابەندبوونی ئەخلاقییە.

هەر کات کە سەری قسە دادەمەزرێو قسەو باس دێتە سەر سوودو قازانجی کاری بازرگانیو کارو کاسپی ڕەوا، ئاوڕێک لەرابردوو دەدەمەوەو باوکمو هاوڕێکانیم بیر دەکەوێتەوە کە ڕۆژگارێک لەسلێمانیو بەغدا کاری بازرگانییان دەکردو شەوو ڕۆژیان خستبووە سەر یەک نەک هەر بۆ ئەوەی سەروەتو سامان کەڵەکە بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی بازاڕ پڕ لەکاڵای گونجاوو لەگرانیی بەدوور بگرنو سەرەنجام هاوڵاتیان بێ کەموکورتیو بەختەوەرو خۆشحاڵ بکەن. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لەکارو پیشەدا بە"ئەخلاقی پیشەیی" ناودەبرێت.

کاتێک کە بازرگانێک یاخود پزیشکو مامۆستاو پارێزەرو ڕۆژنامەنووسو کرێکارو جوتیارو شۆفێرو نانەواو فەرمانبەرو بەڕێوەبەرو هەر پیشەوەرێکی دیکە ئەرکە پیشەییو مرۆییەکەی خۆی لەدەست نادات و پابەندی کۆمەڵێک ئەتیکو ئاکار دەبێتو لەکارو پیشەکەیدا تەنها هەڵپەی کۆکردنەوەی پارەی نابێتو هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بەرامبەر ئەو کارەی کە هەیەتی، ئەوا شایستەی ستایشو ڕێزلێنانن، ئەو خاوەن پیشانەی کە پابەندن بەم ئەخلاقە پیشەییەوە دەبنە خاوەنی ناوبانگو متمانەو سەرمایەیەکی مەعنەوی کە زۆر لەسەرمایە مادییەکە گەورەترو گرنگترە. نمونەمان زۆرە لەهەموو ئەم بوارانەدا، بەزیندوویی مانەوەی ناوێکی درەوشاوەی وەک "کەریمی عەلەکە" باشترین نمونەیە، کە چۆن ئامانجی لەکاری بازرگانی بەپلەی یەکەم خۆشبەخت کردنی خەڵکی بوو.

بێگومان لادان لەئاکاری پیشەییو پێشێلکردنی ئەم ئەخلاقە، جۆرێکە لەخۆکوشتن، کوشتنی ناوبانگو متمانەو ڕێزو خۆشەویستی خەڵکو زیان بەکۆی کۆمەڵگەش دەگەیەنێت. کاتێک خاوەن پیشەکان کە ڕێز لەپیشەکەی خۆیان ناگرنو ئەرکو بەرپرسیاریەتییەکەیان تەنها بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنێنو بەرژەوەندیی تایبەتی بەسەر بەرژەوەندیی گشتی زاڵ دەکەنو وابەستەییان بەرامبەر ویژدان، ئاکارو هیچ پرەنسیپێک نامێنێ، لادان لەمۆرالی گشتیو پێشێلکاری لەئاکاری پیشەییدا ڕوودەدات.

ئەرکی بازرگان بەدڵنیایی هێنانی شتومەکی کوالێتیی باشە بۆ هاوڵاتیان، کاتێک بازرگانێک بازاڕ پڕ دەکات لەکاڵای کوالێتی خراپو ماوەبەسەرچوو، ئەوپەڕی بێ ئاکاریی پیشەییو ڕەفتاری دزێویی لەکارەکەیدا پەیڕەو کردووە! کە بەداخەوە ئەمە بەمانای هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتیو ڕایی نەکردنی کارەکانیەتی بەپێی ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتیو لەسەر حسابی خەڵکیو بەشێوەیەکی ناڕەوا سەروەتو سامان پێکەوە دەنێت، لەکاتێکدا بەپێی پرەنسیپەکانی ئاکاری پیشەیی هەر کەسەو دەبێت بەری ڕەنجو ماندووبوونی خۆی بخوات، نەک لەسەر حسابی تواناو تەندروستیو ماڵی کەسی دیکە بژی!

وەک حەزرەتی مەسیح دەڵێت "سوودی چییە تۆ هەموو دنیا ببەیتەوەو خۆت بدۆڕێنیت؟!".

> سوودی چییە تۆ هەموو دنیا ببەیتەوەو خۆت بدۆڕێنیت؟

# ڕۆڵی بانکەکان لەپێشخستنی جوڵەی بازرگانی



شەن جەزا کەریم

وەک مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە یەکەمجار بانک لەسەر زەمینی نێوان ڕوباری دیجلەو فوراتدا دامەزراوە، کە ئێستا پێیئەوترێ عێراق. لەشارستانیەتی بابلیەکانداو لەسەر دەستی "حامورابی"دا کە داهێنەری نوسینو خوێندنو یاسایە، کە لەسەرەتادا بیرۆکەکە تەنها ئەوەندە بوە بۆ هەڵگرتنی زێڕو دراوی نەختینە، بۆ وەگەڕخستنی ئەو زێرە بوە لەبواری ئابوریدا، پاش ئەوانیش فیرعەونیەکان بیریان لەدامەزراندنی بانک کردۆتەوە، هەروەها لەلای یۆنانیەکانیش لەپێش هەزارو هەشت سەد ساڵ پێش لەدایک بونی عیسای مەسیحەوە، لەدوای خۆشیان وەک میراتێکی شارستانی بۆ ڕۆمانیەکان بەجێما، دیارە لەو ڕۆژەوە ئەم سیستمە پێش ئەخرێتو کاری تیادا ئەکرێت بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش بکات، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا بوە بەئەلەکترۆنی، ئاسانکارییەکانی گەشتوەتە ئاستێکی باڵا.

بناوانی وشەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ (BANCO)ی ئیتالی بەمانای مێز، کاتێک بازرگانەکان لەبەندەرەکاندا لەسەر پلاتفۆرمی کەنارەکان مێزەکانیان داناوە ئاڵگۆری دراوو ئاڵتونو پارەیان تێدا ئەنجام داوە، لەگەڵ ئەو بازرگانانەی لەکەشتیەکان دابەزیونو کاڵاو شمەکەکانیان هاوردە کردوە، هەروەها ئەگەر بڕوانینە دامەزراندنی بانک بەشێوەیەکی دامەزراوەییو سیستماتیک ئەوا بانکی ڕیالتۆ (RIALTO)ی ئیتالیا بەیەکەم بانک دائەنرێت لەدوای ڕێنیسانسەوە، ئەویش بە ناوی ئەو پردەوە ناو نراوە کە لە سەر یەکێک لەکەناڵە ئاویەکانی شاری ڤینیسیای ئیتالیایە. لەبەرئەوەی لەسەر ئەو پردەو لەهەردو بەری، ئەو خاوەن مێزانە دانیشتون کە ئاڵوگۆری دراوو هەندێ کاری بازرگانیان ئەنجامداوە، هەر لەبەرئەوەش بوە لەزیاتر لەشەش سەد ساڵ بەر لەئێستا کە ئەو بانکە دامەزراوە بەناوی ئەو پردەوە ناو نراوە بەکۆنترین بانکی تازەو سیستەمدار ئەژمار ئەکرێتو تا ئەمڕۆش بەردەوامە لەپێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی.

ئەمڕۆ هەموو وڵاتانی دنیا بانکێیان هەیەو گرنگترینیان بانکی ناوەندە (سێنترال) کە لەدەستی دەوڵەتدایەو سەرپەرشتی گشت بانکەکانی تری وڵات ئەکاتو توانای چاپکردنی دراوی هەیە بەهەردو جۆرەکەیەوە (کاغەزو فلزی) و دیاری کردنی سودو قازانجو گشت سیستمی بانکی ئەو وڵاتە. هەروەها کارگێڕی یەکەمی بانکی سێنتراڵ پێیئەوترێ پارێزگار کە دەسەڵاتی واژۆکردنی هەیە لەسەر دراوی کاغەزو هەموو بڕیارە داراییەکانی وڵاتی لەدەستدایە، دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە لەبڕیارداندا.

ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە بانکی چالاک چەندین خزمەتگوزاری پێشکەش بەو کەسو کۆمپانیایانە ئەکات کە مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکات، هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی ئابوری هەرێمو عیراقەوە ئەمڕۆ بانکەکان ناتوانن وەک پێویست ڕۆڵی خۆیان ببینن و ببنە کۆڵەکەیەکی بەهێزو چالاک بۆ ئابوری وڵات، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە زۆرێک لەتاکی کۆمەڵگای ئێمە بەخزمەت گوزاریە بانکیەکان ئاشنا نین، بگرە متمانەشیان بەبانک نیە، کەواتە پێویستە تیشکێک بخەینە سەر ئەو ئەرکو چالاکیانەی بانک ڕۆلی گرنگی تیا ئەبینێت. لەڕاستیدا بانک خۆی لەخۆیدا دامەزراوەیەکە کە بۆ سودی خۆی کار ئەکات، کاتێکیش سوودمەند ئەبێت کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات.

ئەو خزمەتگوزاریانەی بانک پێشکەشی ئەکات زۆرن، لێرەدا ئێمە ئاماژە بەهەندێکیان ئەدەین کە ئەمانەن:

* ڕێکخستنو کردنەوەی ئەکاونتی بانکی بۆ هاوڵاتیان بە هەردوو جۆرەکەیەوە ئەکاونتی پاشەکەوت (حساب التوفير)، ئەکاونتی ئەژماری جوڵاو (حساب الجاری).

* هەڵگرتنو پاراستنی پارەو سامانی نەختینەی کەسەکان، یان کۆمپانیاو دامەزراوەکان.

* دەرکردنی دەفتەری چەک بۆ خاوەن حسابەکان تا بتوانن کەیو چۆن بیانەوێت پارەکەنیان خەرج بکەن یان ڕاییبکێشن.

* پێدانی قەرزی کەسیو بازرگانیو ڕەهنی موڵکو ئاڵتون.

* دەرکردنی کارتی متمانەو جێبەجێ کردنی مامەڵەی خاوەن ئەکاونتەکان.

* دەرکردنی کارتی تایبەت بەقەرزدەر تا لەکاتی پێویستدا لەبری چەک بەکاربێت.

* ئاسانکاری بۆ پێدانی قەرز بەو کەسانەی کە ئەکاونتیان هەیە.

* وەرگرتنی ئەو سپاردانەی کەسەکان ئەیسپێرن بەبانکو گەڕاندنەوەیان بەخواستی خاوەن ئەکاونتەکان.

* ڕاستاندنو پشتگیری کردنی ئەو چەکانەی کە خاوەنەکانیان ئەیێنن بۆ دامەزراوە فەرمیەکانو جیاکردنەوەو تەرخانکردنی بڕی پارەکانیان تا پرۆسەی خەرج کردنەکان متمانە پێکراو بن (صك مصدق).

* پێدانو پێداچونەوەی ئەژماری خاوەن ئەکاونتەکان، ئاگادار کردنەوەیان لەهەژماری چەکەکانیان جۆرو کاتی خەرجکردنیان.

* دابین کردنی ئامێری (A T M) بۆ کارئاسانی خاوەن ئەکاونتەکان، کە لەبیستو چوار کاتژمێرو ڕۆژانە بێ دواکەتن بتوانن پارەکانیانی لێوەربگرن.

* ئاڵوگۆری دراو بەکەمترین سوود.

* دابین کردنی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینترنێتەوە، تا هەر کەس کەیو لەکوێ ویستی بڕوانێتە ئەکاونتەکە بانکیەکەی خۆی.

* دابین کردنو ڕێکخستنی کار ئاسانی بانکی (تسهيلات مصرفية) تایبەت، وەک ڕاکێشانی چەکی بێ باڵانس، خەرج کردنی کۆمپیالە، پشتگیری گرەنتی (خطاب ضمان) گەلێک ئاسانکاری تر.

* کارکردن لە سەر دۆکۆمێنتی باوەڕ پێکراو (LC)، (الاعتماد المستندي) کە چالاکیەکی گرنگە بۆ ئەو بازرگانو کۆمپانیایانەی لەبواری هاوردەو هەناردەدا کار ئەکەن، کەوا بانک نێوەندگیری بکات لەنێوانیادا، ئەم چالاکیە لەنێوان دوو بانکدا ئەنجام ئەدرێت کە بانکێک لەوڵاتی هاوردە کارو بانکێک لەوڵاتی هەناردەکارەوە ئەنجامی ئەدەن.

* گرێبەست لەگەڵ سەرمایەدارانو کۆمپانیاکان بۆ بەشداری کردن پشکداریو وەبەرهێنان.

* لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهاندا کۆمپانیاکانی بیمە (تامین) لەژێر چەتری بانکەکاندا دائەمەزرێنو کار ئەکەن.

ئەمانەو گەلێکی تر لەدەسەڵاتی بانکی چونە ناو زۆر مامەڵەی تر بەمەبەستی قازانج.

دامەزراوەی بانک لەهەموو جیهانداو لەگشت وڵاتانی سەرزەمیندا توانای هەیە کە دارایی وڵات پێشبخاتو باڵانسی ئابوری ڕابگرێت، بەچەندین جۆر ئەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت، بەئەرێنی یان نەرێنی، هەرچەندە تا ئێستا لەعێراقدا بەگشتیو لەهەرێمدا بەتایبەتی بانکو خزمەتگوزاریە بانکیەکان وەک پێویست نین، بەڕای پسپۆرانی بواری ئابوریش یەکێک لەو هۆکارانەی کە هەرێم تا ئەمڕۆ ڕوبەڕوی قەیرانی زۆر ئەبێتەوە لەبواری ئابوریدا، ئەوەیە سیستمی بانکیو بیمە لەجێی نەبوان.

> دامەزراوەی بانک لەهەموو جیهانداو لەگشت وڵاتانی سەرزەمیندا توانای هەیە کە دارایی وڵات پێشبخاتو باڵانسی ئابوری ڕابگرێت







# "نانۆ" چیەو تا چەند دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی؟



وەسفی خەلیل ئیسماعیل

مرۆڤایەتی هەردەم لەهەوڵدا بووە بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو تواناکان بخاتە گەڕ بەمەبەستی ئەوەی بەختەوەری بۆ هەمووان بێنێتەدی، ئەوەی کراوە بەدیاریکراوی لەخزمەتی مرۆڤایەتی بوبێت شورشی پیشەسازی بووە لەئەوروپا لەسەدەکانی شازدەو هەڤدە، بێگومان ئەوە سەرەتایەکی پرشنگدار بووە، بەڵام هەوڵەکان نەوەستاو تا ئێستا بەردەوامە، ئەوەی ئەمڕۆ دەیبیستین لەبارەی تەکنەلوجیایەکی تازە بەناوی "نانۆ" زۆر خەڵکی لای خۆمان پێی نامۆن، لێرەدا مەبەستمانە لەبارەی ئەم تەکنەلۆجیایە بدوێین بەشێوەیەکی سادەو ساکار، بەڵام هیواداریین لەئاییندەدا خەڵکانی پسپوڕ لەبواری کیمیاو فیزیاو بایەلۆجیو ئەندازیاری تەنانەت پزیشکیش زیاتر کۆڕو کۆبونەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجام بدەنو لەگەڵ سەرمایەدارانی وڵات هەنگاو بنێن بۆ پراکتیزەکردنی ئەم زانستە نوێیە.

تەکنەلوجیای نانۆ بەئینگلیزی پێیدەوترێ (Nanotechnology) کاری سەرەکی توێژینەوەو چاودێری مادە دەکات لەقەبارەی ١ تا ١٠٠ نانۆمیتەر (نانۆمەتریان نانۆیەکەی پێوانەی درێژییە، زیاتر لەزانستی کیمیادا بەکاردێت بۆ پێوانەی گەردیلە، یەک مەتر بەرانبەر بەیەک ملیار نانۆمەتر.

ئەم تەکنەلۆجیایە لەهەموو پسپۆرییە جیاجیاکانی زانست بەکاردێت لەڕێگەی پەیرەوکردنی ئەم تەکنەلۆجیاشەوە دەتوانرێت داهێنانی ناوازە لەمادەدا بکرێت بەشێوەیەک بتوانرێت ببێتە خاوان توانایەکی بەهێ و کاریگەرتر.

### نانۆ چۆن دۆزرایەوە؟

سەرەتای دۆزینەوەی زۆر لەپێش بەکارهێنانیەوەیە، لە٢٩ی دێسەمبەری ١٩٥٩ لەکۆبونەوەیەکی کۆمەڵەی فیزیاویەکانی ئەمریکا لەپەیمانگای کالیفۆرنیا بۆ تەکنەلۆجیا لەلایەن (ریچارد فینمان) یەکێک لەگەورە زانا فیزیاویەکانی ئەمریکا لەبابەتێکدا باسکرا لەژێر ناونیشانی "ڕوبەرێکی پێویست لەبنەڕەتداهەیە There's Plenty of Room at the Bottom" لەو باسەدا ڕونی کردۆتەوە کە دەتوانرێت دەسکاری گەرد بهجیا لەگەردیلە بکرێت، دوای دە ساڵ زانایەک بەناوی (نوریو تانیگوتشی) ئەمریکی ئامێرێکی مایکرسکۆبی زۆر پێشکەوتوو وردی دروستکرد، بۆ یەکەمجار ناوی لێنا نانۆ تەکنەلۆجی، بەهۆی (Scanning Tunneling Microscope) دەتوانرا بەباشی یەکە وردیلەکانی گەرد ببینرێت.

### سودەکانی تەکنەلۆجیای نانۆ چییە؟

تەکنەلۆجیای نانۆ سوودێکی بەرچاوی هەیە لەزۆر لەبوارەکانی ژیان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بواری تەکنەلوجیاو پیشەسازی وەک تەکنەلۆجیای زانیاری (ئای تی)، پزشکی، وزە، ژینگە، ئاسایشی نیشتمانی، پاراستنی خۆراکو زۆر بوارەکانی تر، بەدەسکاری کردنی پێکهاتە وردیلەکانی پەیکەری مادە وا ڕێکدەخرێت بەشێوەیەک بگونجێت بۆ ئەنجامادانی کاری تایبەت.

لەوانە زیاد کردنی چالاکی مادە سەرەڕای ئەوەی کێشی کەم دەبێت، پتەوتر دەبێتو پێکهاتەکەی کارلێکەرییو یەکگرتوی زیاتر دەبێت، زۆرێک لەو بەرهەمانەی کە بەکاردیت بۆ کاری ڕۆژانەمان لەدروستکردنیان پشت بەم تەکنەلوجیایە دەبەستن، وەک ئەو توێژاڵەی شاشەی کومپیوتەر دادەپۆشێ بەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆجیای نانۆ دروست کراوە. هەروها کامێراو چاویلکەو شوشەی پەنجەرەو ڕوپوش کردنی گەلێک ڕوی تەنی تر لەهەمانکات بەرگری بۆ ئاو زیاد دەکات، دژی تیشکدانەوە کاردەکاتو بەرگری لەتیشکی سەرو وەنەوشەییو ژێرتیشکی سوور زیاد دەکات، بەرگری بۆ لێکخشاندن زیاد دەکاتو گونجاوترە بۆ گەیاندنی کارەبا لەهەمانکاتدا، لەبوارە جیاجیاکانی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بەکاردێت، وەک بەکارهێنانی بۆ دروست کردنی جلوبەرگ. لەلایەکی تر (نانۆی زنک ئۆکساید) بەکاردێت بۆ دروست کردنی توێژاڵی نەبینراو بۆ پاراستن لەتیشکی خۆر کە پارێزەرە لەتیشکی سەروی وەنەوشەیی. جۆریکی تری بەکاردێت بۆ لەناوبردنی بەکتریا، ڕێگری لەگواستنەوەی نەخوشی یەکێکە لەکارە هەرە گرنگەکانی ئەم تەنەلوجیایە، توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێی تیشکی خۆر (سولار) بەرادەی ٣٠ تا ٤٠٪ لەمڕۆدا زیاد دەکات.

ماوە ئاماژە بەو وڵاتانە بدەین کە سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلوجیای نانۆن، لەسەر ئاستی جیهان زیاتر لە ١,٦ ترلیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ ئەم بوارە، لەسەرویانەوە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشکی شێری بەردەکەوێت، نزیکەی ٣٥٪ی ئەو بڕە پارەیە لەلایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت، لەدوای ئەمریکا وڵاتی چین دێت هەروەها کۆریای باشورو هندستانو بەرازیلو ئەڵمانیاو فەرەنسا دێن، ئەوەشمان لەبیرمان نەچێت لەم ١٥ ساڵەی دواییدا تەنها ئەمریکا ٢٠ ملیار دۆلاری تەرخان کردوە لەتوێژینەوەی ئەم بوارەداو توانیویانە زیاتر لە ٤٤٠ داهێنان تۆمار بکەن، ١٠٠ داهێنان لەکۆریای باشور، ٩٦ لەژاپۆن، ٥٥ لەتایوان، ١٨ لەئەڵمانیا، ١٧ لەچین، ١٢ لەفەرەنسا، ١٠ لەبەریتانیا، ٩ لەهیندستان، ٤ لەئیتالیا. لەهەمانکاتدا ئەمریکا لەپلەی یەکەم دێت لەبڵاوکردنەوەی توێژینەوە بەتەنها خاوەنی ٨٦٥٧ توێژینەوەیە، چین لەپلەی دووەم دێت بە ٦١٢٤ توێژینەوەو ئەڵمانیا بە ٢٥٨١ توێژینەوە، بەڵام وڵاتانی تر بەڕێژەی کەمتر، لێرەدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین ئەو وڵاتانەی گرنگی بەم تەکنەلۆجیا نادەن دەبێت هەمیشە بەپاشکۆیی بمێننەوە.

بەبڕوای زانای ئابوری (میشێل فول) ئەم تەکنەلۆجیایە نەک تەنها لەبواری خزمەت بەمرۆڤایەتی بەکارهاتووە، بەڵکو بەداخەوە لەبواری چەکو ئامێری جەنگیش بەکارهاتووە لەلایەن چینو ڕوسیاو ئەمریکاوە سوودی لێوەوەرگیراوە بۆ دروستکرنی جۆرە مێشی ڕۆبۆتێک کە تا ئێستا تەنها لەبواری پشکنین لەتواناو هێزی دوژمن بەکارهاتوە، بەڵام تا ئێستا بەتەواوی نەیتوانیوە کاری خۆی ئەنجامبدات، لە دوو ڕووەوە یەکەم بۆ مەودایەکی دوور بڕواتو تەقەمەنی بار بکات، مەگەر لەئاییندەدا جۆرێک تەقەمەنی گونجاوی بۆ دروست بکرێت. (میشل فول) مەترسی خوی دەردەبڕێ لەوەی ئەم تەکنەلۆجیایە بەکاربێت بۆ جەنگی بایۆلۆجی، ئەوەش بە ناردنی ڤایرۆسەکانی نەخۆشیی بۆ سەنگەری بەرامبەر. هەرچەندە تا ئێستا ئەم جۆرە چەکە قەدەغە کراوە لەلایەن نەتەوە یەگرتوەکان. لەلایەکی ترەوە چاودێریکی سیاسی فەرەنسی ئاماژە بەوە دەکات ئەم تەکنەلۆجیایە لەلایەن چینو ڕوسیاوە لەساڵی٢٠٠٩وە بەکاردێت بۆ پێشخستنی چەکەکانیان، بەتایبەت دوای جەنگی جۆرجیا، چینیەکان زیاتر سوودیان وەرگرتوە لەم تەکنەلۆجیایە بۆ پێشخستنی چەکە جەنگیەکانی بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکەی ژاپۆن، لەڕووی تەکنەلۆجیای جەنگیەوە بەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆجیای نانۆ.

> ئایا ڕۆژێک لەڕۆژان بەخەیاڵتدا هاتوە بەئامێریکی کۆنتڕۆڵ بتوانیت ڕەنگی هەموو دارو دیوارو ئامێری دەوروبەرت بەپەنجەیەک بگۆڕیت؟ یان ڕۆژێک بیرت لەوە کردۆتەوە جلوبەرگت بەهیچ شێوەیەک پەڵە بەخۆیەوە نەگرێتو هەمیشە پاک بێت؟ ئەمە لەسایەی شۆڕشی تەکنەلۆجیای نانۆ بەدەستدێت

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم تەکنەلۆجیایە ئەوەی خەیاڵی زانستی بوو کردی بە کردارێکی بەرجەستە چ لەڕووی خزمەتکردنی مرۆڤ یان لەڕووی دروست کردنی چەکی ترسناک کە لەدوای چەکی ناوەکی چارەنوسی مروڤ دەخاتە مەترسییەوە.

لێرەدا ئەم پرسیانە دێنە پێشەوە: ئایا ڕۆژێک لەڕۆژان بەخەیاڵتدا هاتوە بەپارەیەکی زۆر کەم پێداویستی خۆت دابین بکەیت لەئۆتۆمبێلو خانوبەرە؟ یان بەئامێریکی کۆنتڕۆڵ بتوانیت ڕەنگی هەموو دارو دیوارو ئامێری دەوروبەرت بەپەنجەیەک بگۆڕیت؟ یان ڕۆژێک بیرت لەوە کردۆتەوە جلوبەرگت بەهیچ شێوەیەک پەڵە بەخۆیەوە نەگرێتو هەمیشە پاک بێت ئەگەر لەهەر ژینگەیەکی پیسیش کار بکەیت؟ لەڕوی تەندروستیشەوە هەمیشە هەڵگری میکرۆبو بەکتریاو ڤایروس نەبیتو هەڵگری بۆنی ناخوش نەبیت بۆ هەتا هەتایە؟ ئەمەو چەندین سوودی تر لەسایەی شۆڕشی تەکنەلۆجیای نانۆ بەدەستدێت.

لەیادمان نەچێت ئەم تەکنەلۆجیایە خەریکە لەبواری پزیشکی شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکات، جۆرە دەرمانێک دروست دەکرێت بە بەکارهینانی تەکنەلوجیای نانۆ تەنها کار لەسەر ئەو شانانەی لەش دەکات کە هەڵگری نەخۆشییە، بێ ئەوەی زیان بەشانە ساغەکان بگەیەنێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا بازدانێکی گەورەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە هەروەها ئەم تەکنەلۆجیایە ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لەچاندنی ئەندامی تازە لە لەشی مرۆڤ بەدروست کردنی لەشانەکانی خودی نەخۆشەکە، کە کاریگەری ئەرێنی ئەبێت چونکە زۆر جار بەکارهێنانی ئەندامی لەشی کەسی تر ناگونجێت بۆ نەخوشەکەو لەشی قبوڵی ناکات، لەبواری وزەش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە چ بەدەستهینانی بڕێکی باشو بەئاسانترین شێوە یان بۆ گواستنەوەی بێ ئەوەی کەمترین بڕ لەوزە لەدەست بدرێتو لەهەمانکات کاریگەری باشی هەیە لەگۆڕینی وزە لەجۆرێک بۆ جۆرێکی تر، هەروەها ئەم تەکنەلۆجیایە بەدوو شێوە دۆستی ژینگەیە، چ لەوەی ئاسانترین ڕێگەیە لەسوود وەرگرتن لەوزەی خۆر، لەهەمانکات بڕی بەرهەمهێنانیشی زۆر زیاترە بەراورد بەو ئامێرانەی ئێستا لەبازاردا دەستدەکەوێت، بەمەش دەکرێت بڵێین تەکنەلۆجیای نانو خودی خۆی شۆڕشیکی هەمە جەشنە، هەموو بوارەکانی ژیان لەخۆدەگرێت.

لێردا تەنها پێشنیارم بۆ پسپۆرانی بواری کیمیاو فیزیاو بایولوجیو ئەندازیاریو پزیشکی ئەوەیە زیاتر سەرقاڵی ئەم بوارە بنو لەهەمانکات وەزارەتی خوێندنی باڵا هانی ئەو کەسانە بدات لەو پسپۆریانەی سەرەوە باسمان کرد، بڕۆن لەو وڵاتانە لەنزیکەوە ئاشنای ئەم زانستە بن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، بۆ ئەوەی ئێمەش بێبەش نەبین لەو گۆڕانکارییە گەورەیەی لەئاییندەیەکی نزیک بەسەر جیهاندا دێت بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەم زانستەوە.



دلاوەر عەلی سۆفی

## خۆزگە

خەو بینینو خۆزگە ئەو مافەیە تا ئێستا دیکتاتۆرو زاڵمەکانیش نەیانتوانیوە ڕێی لێبگرن، منیش لەمناڵیمەوە خەونم بەنیشتمانێکەوە ئەبینی کە هەموان وەک یەک لەسێبەری خێرو بەرەکەتەکەیدا ئاسودە بین. ڕۆژگارێک بوو پێش ڕاپەڕین خۆزگەم ئەخواست کە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت ئاڵای کوردستان بەسەر وڵاتەکەمدا بشەکێتەوەو منیش دوا هەناسەکانی تەمەن هەڵمژم. بەڵێ خەڵکی کوردستان ڕاپەرینیان کردو ڕژێمی ئاگرو ئاسنیان ڕاماڵی، کۆمەڵێکیان هێنایە مەیدان لەسەر سینیەکی زێڕین کلیلی نیشتمانیان دایە دەستیان، بەڵام ڕۆژگار پێیوتینو سەلماندی کە ئەوەی خۆزگەو خەونی ئێمە بوو هەمووی زیندە بەچاڵ کرا، خۆزگەکانی من!!

بەش بەحاڵی خۆم خۆزگە ئەخوازم ئایین لەسیاسەت جیا بکرێتەوە، خۆزگە ئەخوازم هیچ مناڵێکی ئەم نیشتمانە برسی نەبێت بەبێ بەرامبەر بچێتە خوێندنگەو بە بەرزترین ئاست فێر بکرێت، خوێندنگە گشتیەکان ئاستی کوالێتیان لەخوێندنگە تایبەتەکان بەرزتر بێت.

خۆزگە ئەخوازم هەمو هاونیشتمانیەک مافی تەندروستی بۆ دەستەبەر بکرێت کە ئەمە مافی ڕەوای هەمو کەسێکە، خۆزگە ئەخوازم ئاستی خزمەتگوزاری نەخۆشخانە گشتیەکان ئەوەندە بەرز بێت کەس بەزۆریش ڕوو لەنەخۆشخانە تایبەتەکان نەکات، خەڵکانی بیانی بێن بۆ کوردستان بۆ چارەسەر.

خۆزگە ئەخوازم هەلی کار ئەوەندە زۆر بێت گەنجانو دەرچوانی زانکۆکان ئەوەندەیان بژاردە لەبەردەمدا بێت، هەڵبژاردنی کارێک تووشی سەرسوڕمانیان بکات، خۆزگە ئەخوازم هیچ کەس لەم نیشتمانەدا بیر لەکۆچ نەکاتەوەو خۆی نەداتە بەر چارەنوسی نادیار، بۆ سەر دەریای ئیجە بۆ گەشتو گوزار بچن نەک ببنە خۆراکی نەهەنگو قرشەکان.

خۆزگە ئیدارەیەکی بەپلانو بەتەگبیرمان هەبوایە، بەهیچ جۆرێک پێویستمان بەحکومەتی فیدراڵی نەبوایە، چاوەڕوانی ئەو بڕە پارە ناچیزیەمان نەکردایە کە بەغدا ئەینێرێ تا موچەی مەئمورەکانی پێبدەین.

خۆزکە کوالێتی کۆنترۆڵێکمان هەبوایە بەهیچ جۆرێک ڕێی نەدایە کاڵای خراپو بێ ئەرزش بێتە وڵاتمانەوە.

خۆزگە قۆرغکاری ناوی ئەچو بەکۆڵەکەی ئاشاو هەموو بازرگانو بەڵێندەرو خاوەن کۆمپانیاکان بەپێی تواناو لێهاتوییو ئەزمونیان بەشدار بونایە لەبونیادو ئاوەدان کردنەوەی وڵاتدا، خۆزگە ئەو نەریتە بنەبڕ ئەکرا کە کارو هەلی کار تەنها بۆ دەستەو تاقمێکو بۆ خزمو ئەحباب بێت.

خۆزگە کارەباو نەوت بۆ هەموان بوایە (مەبەستم نەوتە بۆ خۆگەرم کردنەوە)، خۆزگە لە بری نەوت گازی سوتاندن بەلولەو بۆری ئەچوە هەموو ماڵێکەوە ئیتر کەس بەغازی زۆپاو خەڵوز نەمردایە.

خۆزگە دەسەڵاتو حکومەتەکەمان ئەوەندە سامی هەبوایە لەلای دەرو جیرانەکان هیچ وڵاتێک زاتی ئەوەی نەکردایە سنورەکانمان ببەزێنێ یان تۆپبارانمان بکات.

خۆزگە کارگەکانمان هەمووی لەکاردا بوایە، هاوردەمان کەم بکردایەتەوە هەناردەمان زۆر بوایە، خۆزگە بەرهەمی دروستکراوی کوردستان ئەمەندە نایاب بوایە وڵاتان بەدوایدا بگەڕانایە.

خۆزگە ئەوەندەمان شەمەندەفەرو میترۆو گواستنەوەی گشتی هەبوایە، کەس پێویستی بەئۆتۆمبێلی تایبەت نەبوایە، لەدەست ئەم هەمو گازە ژەهراویە قوتار بوینایە.

خۆزگەکانی من زۆر گەورە نین هەمووی لەتوانای دەسەڵاتدایە، خۆزگەم نەخواستوە لەپەیمانی ناتۆ ببین بەئەندام، یان مانگی دەستکرد بنێرین بۆ ئاسمان، خۆزگەم نەخواستوە بچینە یەکێتی ئەوروپاوە، دوا خۆزگەم ئەوەیە کە چۆن بەڕاپەڕین شاد بووم ئاوا ئەو ڕۆژەش ببینم کە گەندەڵکاران ئەبرێنە پای هەقو حساب، با بەوە کۆتایی بهێنم ئەگەر بڵێم خۆزگە یاسا سەروەر بوایە، هەموو ئەڵێین ئامین؟

خاوەنی ئیمتیاز
ژووری بازرگانیو
پیشەسازی سلێمانی

سەرنوسەر
ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

جێگری سەرنوسەر
دلاوەر عەلی سۆفی

بەڕێوەبەری نووسین
یاسین رەحیم فەرەج

سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی
سەردار محەمەد

دیزاین
عادل عومەر

# نەوال.. دەرمانسازە میهرەبانەکەی شار

کەس نییە لەو نەوەیەی خەڵکی شاری سلێمانی کە تەمەنیان لەسەروو پەنجا ساڵەوەیە، نەزانن نەوالی سەیدەلی کێیە؟ ئەو خانمێکی بەڕێزی شاری سلێمانی بوو، کە یەکەم ژنە دکتۆر بوو لەشاری سلێمانیدا دوکانی دەرمانسازی دابنێو خزمەتێکی گەورە بەدانیشتوانەکەی بکات.

دکتۆرە نەوال ئیسحاق، کە کچی خێزانێکی بەڕێزی مەسیحی کلدانی بوو، یەکەم ژنیش بوو کە لەو شارەدا مۆڵەتی شوفێری بەدەستبهێنێتو ئۆتومبێل لێبخورێتو ببێتە ژنێکی رەچەشکێن.

ئەم ژنە کە خێزانەکەی بەبنەچە خەڵکی گوندی هەرمۆتەی سەر بەشارۆچکەی کۆیەن، سەردەمی منداڵیو گەنجێتی لەشاری سلێمانی بەسەربردووەو ئێستا لەوڵاتی سوید دەژی. نەوال لەو چاوپێکەوتنە دەگمەنانەی کەسایەتییە مەسیحیو ماڵپەڕە کلدانییەکان لەگەڵیاندا ئەنجامیانداوە، هەمیشە خۆشەویستی خۆی بۆ شاری سلێمانیو خەڵکەکەی دەربڕیوە.

دکتۆرە نەوالی دەرمانساز کە خاوەنی دەرمانخانەی سلێمانی بووە لەشەقامی پیرەمیرد، خانمێکی بێ ئەندازە خانەدانو راستگۆو هێمنو لەسەرخۆو قسەخۆشو رۆح سوک بووە، ئێستاش زۆرێک لەخەڵکی بەتەمەنی شار ستایشی میهەرەبانی ئەم ژنە دەکەنو ئەوەی لێدەگێڕنەوە کە هەرکات دەرمانیکی ئەدایتێ زۆر بەجوانیو دڵسۆزانە تێی ئەگەیانیتو بۆی وەسف ئەکردیت چۆن بەکاری بهێنیتو زۆر میهرەبانو بەویژدان بووە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن کە زۆر جار پارەی لەخەڵکی دەستکورتو هەژار وەرنەگرتووەو خزمەتێکی زۆری بەشاری سلێمانی کردووە.

ئەم خانمە بەڕێزە هەرچەندە زۆرێک باس لەوە دەکەن کە کچەزای کەریمی عەلەکەیە، بەڵام خۆی بەمیدیایەکی کلدانی راگەیاندووە کە سەر بەخێزانی کەریمی عەلەکە نییە، بەڵکو کەریمی عەلەکە خاڵی باوکی بووە، ئەو وتویەتی "ئەمەوێ راشکاوانە قسە بکەمو راستگۆ بمو نامەوێ خۆم بەو کەسایەتییە گەورەیەوە با بدەم، چونکە کەسی ئازا ناڵێ باوکم ئەمەو ئەوە بوو بەڵکو ئەڵێ خۆم ئەوەم".

نەوال کە زمانەکانی کوردیو کلدانیو عەرەبیو ئینگلیزی بەباشی دەزانێ، هاوسەری بەدر نوئیل یوسفی رۆماننوسی ناودارە، کە بەزمانی عەرەبی دەنوسێو هەمیشە لەنوسینەکانیدا پشتیوانی لەکوردو خەڵکی کوردستان دەکات کە خەڵکێکی لێبوردەن.

هیوای تەمەن درێژییو تەندروست باشی بۆ دکتۆرە نەوال.







